Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.22

# فرەدەنگی لە ڕۆمانی "تەرمەوان" لە ڕوانگەی "میخائیل باختین"ەوە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Harem Ibrahim Ahmed
harem.ahmed@su.edu.krd

RECEIVED :03 /06/2025
ACCEPTED :05/08/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**هەرێم ابراهیم احمد** / بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**کارزان موحسین قادر**/ بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
فرەدەنگی
ڕۆمان
تەرمەوان
باختین
کاکەسوور

## پوختە

فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" پێگەیەکی گرنگیی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ڕۆماندا هەیە. ئەم تەکنیکە سەرەتا لە لایەن ڕەخنەگر و تیۆردانەری ڕووسی "میخائیل باختین"ەوە دادەڕێژرێت، کە لە شیکردنەوەی بەرهەمەکانی "دیستۆیڤسکی"دا پراکتیزەی دەکات. دواتر ڕەخنەگر و ڕۆماننووسە پۆستمۆدێرنیستەکان بەگەرمییەوە بەرەو ئەو تەکنیکە دەچن. فرەدەنگی وەک تەکنیکێکی گێڕانەوە، تا ڕادەیەک بنەمای تاکدەنگیی لە ڕۆمانی کلاسیکی دا تێکدەشکێنێت، کە تیایدا یەک دەنگی زاڵ "دەنگی ڕۆماننووس، یان گێڕەرەوەی سەرەکی" ئایدیۆلۆژیا و بیر و بۆچوونەکانی بەسەر هەموو دەنگەکانی دیکەدا دەسەپێنێت. لە بەرامبەردا، ڕۆمانی فرەدەنگی ڕێگە بە چەندین دەنگی سەربەخۆ دەدات هەریەکەیان خاوەنی گۆشەنیگا و ئایدیۆلۆژیا و زمانی تایبەت بە خۆیان بن، بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێک لە لایەن دەنگێکی دیکەوە کپبکرێت. ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی "فرەدەنگی لە ڕۆمانی "تەرمەوان" لە ڕوانگەی "میخائیل باختین"ەوە"یە، ئامانجی خستەنەڕووی تەکنیکی فرەدەنگییە لەو ڕۆمانەی ڕۆماننووس "کاروان کاکەسوور"، بە پێی بنەما و تیۆری فرەدەنگی "باختین"ی لە ڕووی "فرەیی کارەکتەر، فرەیی زمان، فرەیی ئایدۆلۆژیا". توێژینەوەکە دەگات بەوەی، کە ڕۆماننووس هەوڵیداوە، بنەماکانی فرەدەنگیی لە ڕۆمانەکەیدا پراکتیزەبکات. کە تیایدا کارەکتەرەکان بە ئازادی بیروڕا و ئایدیۆلۆژیای خۆیان دەخەنەڕوو، بەشێک لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ئەستۆدەگرن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی بەردەوام لە گەشەسەندن و گۆڕاندایە و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسیی سەردەم و ژینگەی خۆیەتی. بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆرە نوێیەکانی ڕۆمان، گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە بونیاد و تەکنیکەکانی ڕۆماندا دێنە ئاراوە، کە یەکێک لە دیارترین تیۆرەکان تیۆری فرەدەنگی "پۆلیفۆنی"ی "میخائیل باختین"ـە. ئەم تیۆرە نوێیە لە بوارێکی فراوانی ڕەخنەی ئەدەبی کاریگەریی هەیە، دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ توێژینەوە لە ڕۆمانە هاوچەرخەکان. ئەم توێژینەوە، کە بە ناونیشانی (فرەدەنگی لە ڕۆمانی "تەرمەوان" لە ڕوانگەی "میخائیل باختین"ەوە)یە، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئامادەیی و چۆنییەتی بەکارهێنانی تەکنیکی فرەدەنگی لەو ڕۆمانەی کاروان کاکەسووردا[1]، بە پێی تیۆری "باختین". گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵدەدات بنەماکانی فرەدەنگی "باختین"ی بەسەر ئەم ڕۆمانە وەک نموونەیەکی ئەدەبی گرنگ لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا پراکتیزە بکات، بە دیاریکراوی لە ڕەخنەی ڕۆمانی کوردیدا، چونکە ئەو ڕۆمانە بونیادێکی تەکنیکی تایبەتی هەیە، کە بوار بۆ خوێندنەوە لە چەندین ئاستی جیاوازدا دەڕەخسێنێت، بە تایبەت لە ڕووی فرەدەنگییەوە، بۆیە توانیوویەتی فرەیی کارەکتەر، زمان، ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەکی هونەرییانە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بکات.

**سنووری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بابەتەوە سنووردار دەبێت بە شیکردنەوەی ڕۆمانی "تەرمەوان"ی کاروان کاکەسوور لە ڕووی بنەماکانی فرەدەنگی بە پێی تیۆری "میخائیل باختین". ئەم سنوورداریيە توێژینەوەکە دەکاتە توێژینەوەیەکی ورد لە بارەی یەک ڕۆمان، لەژێر ڕۆشنایی یەک تیۆردا، ئەمەش ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت، کە بتوانین بە وردی توێژینەوە لە بنەما جۆراوجۆرەکانی فرەدەنگی لە ڕۆمانەکە بکەین.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی "فرەدەنگی لە ڕۆمانی "تەرمەوان" لە ڕوانگەی "میخائیل باختین"ەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە نەکراوە لە ڕووی تەکنیکی فرەدەنگییەوە. ئەو ڕۆمانەش ڕۆمانێکی گونجاوە بۆ پراکتیزەکردن و دەستنیشانکردنی بنەماکانی تەکنیکی فرەدەنگی. هەروەها بە هۆی بوونی بۆشایی بەرچاو لە توێژینەوەی زانستییانەی کوردیدا سەبارەت بە تیۆرە هاوچەرخەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بە تایبەت تیۆری فرەدەنگی "باختین". بۆیە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ توێژینەوە هەنگاوێکە بەرەو دەوڵەمەندکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە گشتی و ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی بە تایبەتی.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ ناساندنی تیۆری فرەدەنگی "میخائیل باختین" بە خوێنەری کورد، بەمەش زەمینە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لەم تیۆرییە گرنگە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەڕەخسێنێت. هەروەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی بنەماکانی فرەدەنگی لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا دەردەخات و دەیەوێت نموونەیەکی پراکتیکی لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی تیۆری "باختین" لە شیکردنەوەی دەقی ڕۆماندا پێشکەشبکات.

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی بیروڕاکانی تیۆرداڕێژەر "میخایل باختین" لەبارەی فرەدەنگییەوە دەخرێتەڕوو. بە پێی ئەو میتۆدە دەقی ڕۆمانەکە بە وردی دەخوێندرێتەوە و بنەما فرەدەنگییەکانی تێیدا دەستنیشاندەکرێن، بۆ هەر بنەمایەک نموونەی دیاریکراو لە دەقەکەوە بە بەڵگە پشتڕاستدەکرێتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1- چۆن تیۆری فرەدەنگیی "میخائیل باختین" لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا ڕەنگیداوەتەوە؟

2- ئایا ڕۆماننووس توانیوویەتی بێلایەنی بپارێزێت و دەرفەت بە کارەکتەرەکان بدات دەنگی سەربەخۆی خۆیان هەبێت؟

**پاشخانی توێژینەوە:** لە ئەنجامی گەڕانمان بۆ دۆزینەوەی ئەو نامە و توێژینەوە، یان ئەو باسانەی لەبارەی فرەدەنگیی بە گشتی و فرەدەنگی لە ڕۆمانیی کوردیدا بە تایبەتی ئەنجامدراون، گەیشتین بەوەی، کە بەشێک لە نامەی ماستەر و

---

[1]. "کاروان کاکەسوور" لە ساڵی "1964" لە هەولێر لەدایکبووە. سەرەتا شیعری نووسیوە و دواتر لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتا دەستی داوەتە نووسینی ئەدەبی گێڕانەوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرهەمەکانی بڵاوکردوونەتەوە. کە چیرۆک، ڕۆمان و ژیاننامەن. ناوەناوەیش لە ڕێی توێژینەوەی ئەدەبی و هزرییەوە دەردەکەوێت. ئەمانە ناوی هەندێک لە ڕۆمانەکانین: "کازینۆی منداڵان"، "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"، "تەرمەوان" ... وەرگیراوە لە پەرتووکی "ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی" ی کاروان عوومەر کاکەسوور، چاپی یەکەم، 2024، دانیمارک: وەشانی نووسیار.

تێزی دکتۆرا و توێژینەوەی زانستی لەبارەی ئەو بابەتە ئەنجامدراون، کە ئێمە بۆ نووسینی توێژینەوەکەمان، تا ڕادەیەک سوودمان لێی وەرگرتوون. لێرەدا بەشێکیان دەخەینەڕوو:

1- د. شوکریە ڕەسووڵ، پەرتووکی "تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی "مارف بەرزنجی"دا، 2005.

2- کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی 1991-2000دا، نامەی ماستەر، 2009.

3- د. مستەفا ساڵح مستەفا خرواتانی، تەکنیکی گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی"دا، تێزی دکتۆرا، 2012.

4- محمد احمد حسن، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا "کرمانجی خواروو ساڵی 2000-2010ز"دا، نامەی ماستەر،2013.

5- فازڵ جاف، فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" ئێپسۆدەکان لە دراماتورگی میرهوڵددا"، توێژینەوە لە گۆڤاری ڕامان ژمار 314.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە لە پوختە بە زمانی "کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی" و پێشەکی و دووبەش پێکدێت. بەشی یەکەم دوو تەوەرەیە، لە تەوەرەی یەکەمدا: سەرەتایەک لەبارەی فرەدەنگیی، کە "زاراوە و چەمک و پێناسەی فرەدەنگی" دەگرێتەوە دەخرێنەڕوو، لە تەوەرەی دووەمدا: کورتەیەکی تیۆری "باختین" باسدەکرێت. بەشی دووەم بریتییە لە پراکتیزەکردنی بنەماکانی فرەدەنگی "فرەیی کارەکتەر، فرەیی زمان، فرەیی ئایدیۆلۆژیا" لە ڕۆمانی "تەرمەوان" لە ڕوانگەی "میخائیل باختین"ەوە. لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، ئینجا لیستی ئەو سەرچاوانەی ئەو توێژینەوەیە سوودی لێ وەرگرتوون بە پێی ڕێکخستنی ڕێبازی زانستییانەی توێژینەوە پێشکەشدەکرێت.

## 1. سەرەتایەک لەبارەی فرەدەنگییەوە

### 1.1 زاراوە و چەمکی فرەدەنگی "پۆلیفۆنی"

زاراوەی فرەدەنگیی، یاخود "پۆلیفۆنی" زاراوەیەکی ئەدەبییە لە بواری ڕۆمانی نوێدا، کە بۆ ڕەخنەگر و تیۆردارێژەری ڕووسی "میخائیل باختین"[2] دەگەڕێتەوە. ئەم زاراوەیە لە زاراوەی "پۆلیفۆنی-polyphony" بواری مۆسیقا وەرگیراوە. ((ئاشکرایە پۆلیفۆنیەتیش، واتە ژەنینی چەند ئامێرێک بەیەکەوە لە تیپێک، یان کۆنسێرتێکی میوزیکی دا، کە هەریەک لەم ئامێرانە دەنگی تایبەتی خۆیان هەیە و ئاوێتەی یەکتر دەبن، ئاوازێکی بەجۆش دەسازێنن)). (قادر، ۲۰۰۹، 99).

دوای گواستنەوەی ئەو زاراوەیە بۆ بواری ئەدەب و بە دیاریکراوی هونەرەکانی گێڕانەوە لە لایەن "باختین"ەوە بۆ ژانری ڕۆمان و بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوەیە و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، وایکرد لە فەرهەنگی زمانانی جیهان وشەی بۆ دابڕێژرێت، بۆ نموونە: لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا، وشەی "Polyphony" ی بۆ دادەنرێت، کە وشەیەکی لێکدراوە ((لە دوو وشە پێکدێت "Poly" بە واتای چەند، یان فرە، یاخود هەمەجۆر دێت، وشەی "phony" بە واتای دەنگ دێت)). (الباجي، ۲۰۲۰، ۳۰۸). بە لێکدانی ئەم دوو وشەیە، زاراوەی "پۆلیفۆنی" دروستدەبێت، کە فرەدەنگی دەگەیەنێت.

لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیشدا زمانەوان و ڕەخنەگران هەوڵدەدەن زاراوەیەک دابڕێژن، کە هەمان ئەو واتایە بگەیەنێت، کە زاراوە سەرەکییەکە هەیەتی، لەهەمانکاتدا پراکتیزەی ئەو زاراوایە بکرێت لە ڕۆمانە عەرەبییەکاندا، بۆ نموونە ڕەخنەگرێک لە عێراقدا بەناوی "د.فاضل ثامر" لە توێژینەوەیەکیدا لەژێر ناونیشانی "الصوت الاخر" هەوڵدەدات، پراکتیزەی ئەو زاراوەیە بکات لە ڕۆمانە عێراقییەکاندا، هەر لەو باسەیدا زاراوەی ((الرواية متعدد الاصوات، يان الرواية البوليفونية)). (ثامر، ۱۹۹۲، ۲۰). بۆ زاراوەی "پۆلیفۆنی" بەکاردەهێنێت، بەڵام پێیوایە: ئەم زاراوەیە لەگەڵ وشەی ڕۆماندا نەبێت کەموکوڕیی و ئاڵۆزی دروستدەکات، بۆیە بۆچوونی وایە: لەگەڵ زاراوەی فرەدەنگی "التعدد الاصوات" وشەی ڕۆمان "الرواية" لەگەڵ بنووسرێت. واتە؛ لە بڕی "متعدد الاصوات" "الرواية متعدد الاصوات" بەکاربهێنرێت، چونکە چەند زیاتر سنووری زاراوە دیاربکرێت، ئەوەندە لە واتا و ئاماژەکەی نزیک دەبینەوە. (ثامر، ۱۹۹۲، ۲۰). لەگەڵ ئەوەشدا لە زاراوە

---

[2]. "میخائیل میخایلۆڤیچ باختین"، "(۱۸۹۵-۱۹۷۵)" لە Orel لە ڕووسیا لە خێزانێکی بەگزادەی کۆنی ڕووسی لەدایکدەبێت، کە کۆمەڵێک کەسایەتیی ناوداریان لە مێژوو و ئەدەبیاتی ڕووسی لێ هەڵدەکەوێت. "باختین" خوێندنی دواناوەندی لە ئامادەیی Odessa تەواودەکات. ساڵی ۱۹۱۳ دەچێتە کۆلێژی مێژوو و فیلۆلۆژی زانکۆی Rossiisk Novo.... بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ پەرتووکی: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ۲۰۰۵، ل۲۵-۲۸.

مۆسیقییەکە، کە ئەویش بە "متعدد الأصوات" ناونراوە خۆی جیادەکاتەوە.
"تزڤیتان تۆدۆرۆڤ" لە پەرتووکی "میخائیل باختین المبدأ الحواری" دا، زاراوەی " polyphonic novel" ی بۆ ڕۆمانی فرەدەنگی دادەڕێژێت، زاراوەی polyphony یشی بۆ فرەدەنگی دادەنێت. (تودوروف، ١٩٩٦، ٢١٥).
لە فەرهەنگی زمانی فارسیشدا، زاراوەکانی ((رمان چند اوایی، مکالمەگری، چند صدایی)). (صادقی و میرصادقی، 1388، 150). بەکاردەهێنرێن، هەموویان یەک واتا دەگەیەنن، ئەویش فرەدەنگییە.
هەرچەندە ئەم زاراوەیە درەنگ هاتۆتە ناو فەرهەنگی ئەدەبی و ڕەخنەیی زمانی کوردییەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ((زاراوەی "فرەدەنگی، چەنددەنگی" بۆ کاردەبردرێت، ئەویش هەمان واتای فەرهەنگی ئینگلیزیی و عەرەبیی و فارسییەکەیە)). (مەنتک، ٢٠١٣، ٢١). دەکرێت بڵێین: لە ڕووی زمانەوانییەوە زاراوەی فرەدەنگی وشەیەکی لێکدراوە و لە وشەی "فرە" کە بە واتای "زۆر، یان چەند" دێت، لەگەڵ وشەی "دەنگ" کە ناوە دروستدەبێت. لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کەم کار لەسەر پراکتیزەکردنی ئەم زاراوەیە کراوە، ئەوەی هەن لە پەنجەی دەستێک تێپەڕناکەن.
ئەگەر لە فەرهەنگی هەر زمانێکی تری جیهانی لە وشە و زاراوەی دیکە بڕوانین، دەبینین بۆ ئەم زاراوەیە وشەیەک دادەڕێژن، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا فەرهەنگی ئەو زمانانەی ئاماژەمان پێداوە بە پێویسمان زانی باسی لێوەبکەین. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە هەموو ئەو زاراوە داڕێژراوانە یەک واتا و یەک مەبەست دەگەیەنن، ئەویش واتای فرەدەنگییە، هەمووشیان بۆ ئەو زاراوەیە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنەگری ڕووسی "میخائیل باختین" دایهێناوە، کە زاراوەی پۆلیفۆنییە.
دیارە مەبەست لە "پۆلیفۆنی" واتە: دەنگی جیاواز، یان فرەدەنگیی. "باختین" لە ڕێی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی"یەوە چەمکی فرەدەنگی، یان "پۆلیفۆنی" دادەهێنێت و تایبەتمەندییەکانی دیاردەخات. بۆیە پێیوایە: "دیستۆیڤسکی" پێشەنگی ڕۆماننووسانی ڕۆمانی پۆلیفۆنیکە. واتە ((داهێنانێکی تایبەت بە دیستۆیڤسکییە، پێش ئەو هیچ ڕۆماننووسێک بەو فراوانییەوە، یان بەو دەستڕەنگینییە ڕۆمانی نەنووسیووە)). (عومەر، ٢٠١٠، ٩٥).
فرەدەنگیی، یان "پۆلیفۆنی" وەک تەکنیکێکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی لە ژانری ڕۆماندا، ئەزموونێکی هونەری نوێیە، کە بنەماکانی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت. لەم جۆرە ڕۆمانەدا کارەکتەرەکان خاوەنی دەنگی سەربەخۆی خۆیانن، بە جۆرێک دەربڕینەکانیان لە ئاستێک دان لەگەڵ دەنگی ڕۆماننووس هاوتادەبن. واتە؛ کارەکتەرەکان کاریان تەنیا گەیاندنی پەیامی ڕۆماننووس نییە، بەڵکو ((هەریەک لە کارەکتەرەکان خاوەن دەنگی خۆیانن و لەگەڵ دەنگی کارەکتەرەکانی دیکە هاوتەریب دەبن)). (صادقی و میرصادقی، 1388، 150). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە فرەدەنگییدا ڕۆماننووس دەبێت بڕوای تەواوی بە جیاوازیی هەبێت و جیاوازییەکان ڕەتنەکاتەوە، بەڵکوو لەو ڕۆمانانەدا قووڵتریان بکاتەوە.

ڕۆمانی فرەدەنگی، (ڕۆمانێکە تیایدا چەندین کارەکتەر لە گەڵ یەکتر لە گفتوگۆدا دەبن، چەندین بۆچوون و گۆشەنیگا و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیی تێدایە). (حمداوي، ٢٠١١، ١٢٢). ئەو چەمکە ئاماژە بە بوونی چەندین دەنگ، یان دیدگای جیاواز لەناو یەک بەرهەمی ئەدەبییدا دەکات. بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەم چەمکە، کە دێتە ناو دونیای ئەدەب و ڕەخنەوە ((وەک تەکنیکێکی تازەی ڕۆمان، توانی دەق لە گێڕانەوەی باوی ئاسایی ڕزگار بکات، کە زۆرجار درێژدادڕی لێدەکەوتەوە و هەستێکی بێزارکەری لە لای خوێنەر دروستدەکرد)). (قادر، ٢٠٠٩، ٩٩). بۆیە دیالۆگ ڕێڕەوێکی سەرەکییە بۆ دەرکەوتن و ئاشکراکردنی جیاوازیی دەنگەکان. واتە؛ دیالۆگ هۆکارێکە لە هۆکارەکان بۆ دروستبوونی فرەدەنگی لە ڕۆماندا.
"میخائیل باختین" باسی هەردوو چەمکی "دیالۆگ" و "فرەدەنگی" دەکات، لە چوارچێوەی شێوازناسیی ڕۆماندا. ("باختین" ئەم دوو چەمکە بە هەمان واتا بەکاردەهێنێت و بەشێوەیەکی ورد جیایانناکاتەوە، ئەمەش وادەکات توێژەرانی دوای خۆی لە توێژینەوەکانیاندا هەردوو زاراوەکە بە هەمان واتای "باختین"ی بەکاربهێنن. بۆیە هەندێکیان فرەدەنگیی پەسەنددەکەن و هەندێکی دیکەیان دیالۆگ هەڵدەبژێرن، بەڵام هەندێک ڕەخنەگری دیکە جیاوازی دەخەنە نێوانیانەوە، وەک "قوتابخانەی جنێڤ Ecole de Genève"، کە "دیالۆگ" بەرامبەر بە "مۆنۆلۆگ" بەکاردەهێنێت و فرەدەنگیی "بوونی چەند دەنگێک" بەرامبەر بە تاک دەنگی "یەکدەنگ" بەکاردەهێنێت. "شانای H.de Chanay" پێیوایە: فرەدەنگی واتە؛ فرەیی گۆشەنیگاکان لە ئاستی یەکە ناوەڕۆکییەکاندا. لەکاتێکدا، دیالۆگ واتە؛ فرەیی گوتاری خەیاڵی، یان ناخەیاڵی لە

ئاستی فۆڕمدا). (حمداوی، ٢٠١٥). کەچی لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازییە وردانە، هەر زاراوەیەک ئەوی دیکە تەواو دەکات، هیچ دژیەک، یان ناکۆکییەکی توند لە نێوانیاندا نابێت، بەڵکو هەر یەکەیان خزمەتی ئەوی دیکە دەکات و لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکییەوە پشتگیری دەکات.

## 2.1 پێناسەی فرەدەنگی "پۆلیفۆنی":

زاراوەی فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" بۆ گەورە توێژەری ڕووسی "میخائیل باختین" دەگەڕێتەوە، کە لە ڕۆمانەکانی "دیستۆڤیسکی" پراکتیزەیان دەکات. بێگومان لەگەڵ دەرکەوتنی هەر زاراوەیەکی نوێ، ڕەخنەگر و توێژەران پێناسەیەکی گونجاو بۆ زاراوەکە دادەڕێژن، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی کاری چەمکی فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" پێناسەی بکەن.

کاتێک پێناسەی هەر چەمێک دەکرێت، لە سەرەتادا وا گونجاوە بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی داڕێژەری چەمکەکە، بۆیە سەرەتا لەو پێناسەوە دەستپێدەکەین، کە "میخائیل باختین" دایدەڕێژێت، پێیوایە: (پەیوەندی دیالۆگی لە ڕۆمانی فرەدەنگدا دیاردەیەکی فراوان و قووڵی پەیوەندی نێوان توخمەکانی ناو دەق دەگرێتەوە. لەم جۆرە ڕۆمانەدا، هەموو پێکهاتەکان لە پەیوەندییەکی بەردەوام و زیندوو دان، وەک ئاوازە جیاوازەکان لە بەرهەمێکی مۆسیقیدا. ئەم پەیوەندییە دیالۆگییە تەنیا سنووردار نابێت بە دیالۆگی ڕاستەوخۆ، بەڵکو بەرفراوانترە و هەموو بوارەکانی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لە قسەکردن تا بیرۆکە و واتا جۆراوجۆرەکان). (باختین، ١٩٨٦، 59). ئەم پێناسەیەی "باختین" ئەوە ڕووندەکاتەوە وەک چۆن لە "ئۆرکێسترا"یەکدا چەندین ئامێری مۆسیقی پێکەوە دەژەنرێن و هەر یەکەیان دەنگ و ئاواز و زایەڵەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هەموویان پێکەوە یەک "سەمفۆنیا"ی جوان بەرهەست دەکەن، لە ڕۆمانیشدا بە هەمان شێوە چەندین کارەکتەر هەن، هەر کارەکتەرێک دەنگ و بیروڕا و جیهانبینیی و ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆی هەیە، بەشێک لە کارەکتەرەکان لە ڕێگای "دیالۆگ"ەوە کارلێکدەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فرەدەنگی. کەواتە؛ دەکرێت بڵێین: هەموو ئەو توخمانەی بەشدارن لە دروستکردنی ڕۆماندا، بۆ دروستکردنی ڕۆمانی فرەدەنگی دەبێت هەموویان بەیەکەوە کارلێبکەن و پەیوەندییان بەهێزبێت، تا بتوانن ڕۆمانێکی فرەدەنگیی بەرهەم بهێنن.

"بۆریس ئۆسبنیسکی" لە پەرتووکی "شعرية التأليف"دا، پێناسەی فرەدەنگی دەکات و دەڵێت: فرەدەنگی (دەرکەوتنی چەند گۆشەنیگایەکی جۆراوجۆرە لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی). (اوسبنسکی، ١٩٩٨، 25). لەم پێناسەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەر کارەکتەرێک لەناو ڕۆماندا خاوەنی تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی بۆ ژیان، ئەمەش وا دەکات ڕووداوەکان لە چەند دیدێکی جیاوازەوە ببینرێن، بەڵام لێرەدا هیچ تێڕوانینێک بە تەواوی زاڵ نابێت بەسەر تێڕوانینی ئەوانی دیکەدا، ڕەنگە تێڕوانینەکان (هاوتەریب بن لەگەڵ یەکتردا، یان دژ بەیەکتر بن، جا ئەگەر گۆشەنیگا جیاوازەکان بەشێوەیەکی یەکسان و بەبێ کاریگەریی ڕۆماننووس لە ڕێگای گێڕەرەوەوە پێشکەشکران، ئەوا ئەو کاتە گێڕانەوەیەکی فرەدەنگمان بۆ فەراهەم دەبێت). (خرواتانی، 2013، 91).

د.شوکریە ڕەسوول"یش لە پەرتووکی "تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا" فرەدەنگی وابەستەی گۆشەنیگای کارەکتەرەکان دەکات و دەڵێت: ((تەکنیکی فرەدەنگی "پۆلۆفۆنییە":- لە کۆمەڵێک گۆشەنیگای چەند کارەکتەرێکەوە بەسەر گێڕانەوەی یەکدەنگی زاڵە. چیرۆکگێڕەوە بە ئازادی لە نێوان دەنگەکان و ململانێدا دێت و دەچێت، کە زیاتر زیندوویەتی بە دەقەکە دەدات)). (ڕەسول، 2005، 83).

فرەدەنگی دروست نابێت، تا کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا دیالۆگ نەکەن و کارلێک نەکەن، بەڵام لەگەڵ بوونی دیالۆگیش جیاوازیی ئایدیۆلۆژیاش پێویستە هەبێت. دیارە دیالۆگیش بریتییە لە (( گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتر)). (عبدالسلام، ١٩٩٩، 41). یان بریتییە لە: ((هەموو ئەو قسانەی کە خەڵکی وەکو ئامرازێکی لە یەکدی گەیشتن لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەکاریدەهێنن)). (ڕەشید، 2007، 39). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت فرەدەنگی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، واتە خستنەڕووی زانیارییەکان لەمەڕ باس و بەسەرهاتەکان هەر جارەو لە تێڕوانینی کارەکتەرێکەوە دەگات بە خوێنەر. هەندێکجار ڕەخنەگران پێناسەی فرەدەنگی دەکەن، لە چوارچێوەی فرەگێڕەرەوە، واتە؛ لە ڕۆمانێکدا ئەگەر زیاتر لە گێڕەرەوەیەکی هەبێت، ئەوا ئەو جۆرە ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی فرەدەنگی دادەنێن، لەم ڕووەوە "حمید لحمدانی" پێناسەی

ڕۆمانی فرەدەنگی دەکات، دەڵێت: فرەدەنگی ڕێگادانە بە بەکارهێنانی چەندین گێڕەرەوە، لە سادەترین شێوەیدا کارەکتەرەکان یەک لەدوای یەک نۆرەدەگرن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان. (لحمدانی، ۱۹۹۱، 49). لێرەدا ئاساییە، هەریەک لە کارەکتەرەکان گێڕانەوەکانیان تایبەتمەند بکەن بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیان، کە لە ڕووی گۆشەنیگاوە جیاواز بێت لەوەی، کە گێڕەرەوەکانی دیکە دەیگێڕنەوە.

لەو پێناسانەی ئاماژەمان پێیدان، کە بۆ فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" دەکرێن، هەموویان لە چوارچێوەی یەک واتادا دەخوولێنەوە، کە "میخائیل باختین" بۆی دادەڕێژێت. بۆیە دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا بڵێین: فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" لە ڕۆماندا، ئەو بارەیە، کە کارەکتەرەکان بە تەنیا بۆ گێڕانەوەی چیرۆک بوونیان نییە، بەڵکو هەر کارەکتەرێک خاوەنی دەنگێکی تایبەتە، کە لە ڕێگای ئەو دەنگەوە خودی خۆی و جیهانی خۆی دروست دەکات. کاتێک دەنگەکان کۆدەبنەوە لە دەقدا، هەریەک لەو دەنگانە جیهانبینیی خۆی دەبەخشێت بە دەق، لێرەوە جیهانی تایبەتی ڕۆمان لە ناکۆکی و مشتومڕی نێوان دەنگەکاندا گەشەدەکات و دەخەملێت، هەر ئەم ناکۆکییەی نێوان دەنگەکانیشە واتای قووڵ و دیوی شاراوەی دەق دەخەنەڕوو، بەمەش فرەدەنگی دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ دروستبوونی واتا و هێما و ئاماژەی جیاواز لە ڕۆماندا.

### 3.1 تیۆرەکەی "میخائیل باختین": خوێندنەوە، هەڵسەنگاندن، شیکردنەوە.

میخائیل باختین"یەکێکە لە گەورەترین تیۆردانەرانی سەدەی بیستەم لە بواری ڕەخنە و تیۆری ئەدەبدا، هەرچەندە بەرهەمەکانی بەهۆی ئەو دژایەتییەی لەگەڵی دەکرێت، لە سەردەمی خۆیدا نابێتە بابەتی گرنگ و لێی ناکۆڵدرێتەوە، بۆیە ((هەندێک لە پەرتووکەکانی بە نازناوی تایبەتی بڵاودەکاتەوە، ئەمەش دواتر کێشەی ئاڵۆزی ناسینەوەی بەرهەمەکانی بۆ خوێنەر و ڕەخنەگران دروستدەکات.)). (عومەر، ۲۰۰٥، 26). بۆیە دواتر بەرهەمەکانی دەبنە جێگای بایەخپێدانی ڕەخنەگر و توێژەران، بە تایبەت دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی بە ناوی "گرفتەکانی شیعرییەتی دیستۆیڤسکی"، کە ((ساڵی ۱۹۷۰ بڵاودەبێتەوە و سەرنجی خوێنەر و ڕەخنەگران ڕادەکێشێت. بە تایبەت کە "ژۆلیا کریستیڤا" گوتارێکی لە بارەیەوە دەنووسێت بەناوی شیعرییەتیی دیستۆیڤسکی)). (عومەر، ۲۰۰٥، 26). تا ئێستاش بەرهەمەکانی جێگای خۆیان لە دونیای ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی هێشتووەتەوە، بۆیە "تزیڤتیان تۆدۆرۆڤ" "باختین"ی بە ((گرنگترین بیریاری سۆڤییەت لە پانتایی زانستە مرۆڤایەتییەکان و تیۆرزانی ئەدەبی سەدەی بیستەم ناودێرکردووە)). (ئەحمەدی، ۲۰۰٤، 118).

ئەگەر بە گشتی سەیری بەرهەمەکانی "باختین" بکەین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەرهەمانەی لە شێوەی ((یاداشت و وتار و نامیلکە دان. دوو پەرتووکی سەرەکیی "باختین" وەکو هەڵگری بەرچاوترین تیۆریکەکانی کە بریتین لە: "پرسەکانی شیعرییەتی دیستۆیڤسکی" (1963) و "ڕابلێ و جیهانەکەی" (1966) )). (باختین، 2008، 3). خۆیان دەنوێنن.

"باختین" بۆ داڕشتنی تیۆرەکەی سوودی لە چەمکی "دیالۆگیزم" وەرگرتووە و پەرەپێیداوە، چونکە لە پەرتووکی "پرسەکانی شیعرییەتیی دیستۆیڤسکی" ((لەمەڕ "دیستۆیڤسکی" بەشێوەیەکی تایبەت و ژانری ڕۆمان بە گشتی باس دەکات. لێرەدا بیرۆکەی "ڕۆمانی چەند دەنگی" و "ڕۆمانی چەند زمانی" بەرجەستە دەکات و پەنجە دەخاتە سەر تیۆری دیالۆگیزم، واتە؛ وتوویژ باوەڕی، کە لە هەندێک ڕۆماندا بە گشتی و ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی" بە تایبەت دەردەکەوێت)). (باختین، 2008، 3-4). لێرەوە ئەمە ڕووندەبێتەوە، کە کاتێک "باختین" چەمکی دیالۆگیزم "الحوارية"ی دادەهێنێت، توانی سنووری داخراوەکانی بونیادگەرایی "البنيوية" تێپەڕێنێت، کە وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی تەنیا گرنگی بە پێکهاتەی ناوەوەی دەق دەدات و پەیوەندی دەقی لەگەڵ دەرەوەی خۆی پشتگوێدەخات، بەڵام دیالۆگ دێت و ئەم داخرانە تێکدەشکێنێت و دەق بەرەو فرەدەنگی و فرەگۆشەنیگایی ئاڕاستەدەکات.

هەرچەندە تیۆرەکەی "باختین" بۆ باسی فرەدەنگی "پۆلیفۆنی"، لەسەر ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی" بنیادەنرێت، بەڵام ناکرێت پەرتووکی "ڕابلێ و جیهانەکەی" پشتگوێ بخەین، کە تێیدا ئاماژە بە چەمکی "کەرنەڤاڵ" دەکات، کە "باختین" ئەم چەمکە دادەڕێژێت و پێیوایە ئەم چەمکە ((هەر لە بنەڕەتەوە دوو ئاڕاستەیی و "دوالیستیکە" و بە ڕاشکاوی ئەگەری پێوندیگەلی دامەزراو لەسەر بنەمای گفتۆگۆکردن دەڕەخسێنێت). (وێبستێر، 2006، 78). ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە،

ئەو چەمکە هۆکاری دروستبوونی فرەدەنگییە لە ڕێگای جۆرە جیاوازەکانی دیالۆگەوە.
"باختین" لە ڕێگای توێژینەوەی وردەوە بۆی دەردەکەوێت، کە "دیستۆیڤسکی" داهێنەری ڕاستەقینەی ڕۆمانی فرەدەنگییە، بۆیە ناکرێت ڕۆمانە لێوانلێو لە داهێنانەکانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس بکرێن. "باختین" جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فرەیی دەنگەکان و شێوەکانی هۆشیاریی سەربەخۆ و تێکەڵ نەبوو بە یەکتر، فرەیی دەنگی ڕەسەن و کارەکتەرە تەواوەکان، بە ڕاستی تایبەتمەندیی کرۆک و ڕەگوڕیشەی ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی"یە. (م.ب.باختین، 1986، 10). بە شێوەیەکی تر دەکرێت بڵێین: "باختین" لە شیکردنەوەکانیدا ئەوە دەدۆزێتەوە، کە "دیستۆیڤسکی" یەکەم ڕۆماننووسە، کە ڕۆمانی فرەدەنگی دادەهێنێت. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم داهێنانە لەوەدایە، کە کارەکتەرەکانی "دیستۆیڤسکی" خاوەن کەسایەتیی سەربەخۆن، هەر یەکەیان دەنگ و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم دەنگە جیاوازانە تێکەڵ بە یەکتر نابن و ناتوێنەوە، بەڵکو هەر یەکەیان پارێزگاری لە تایبەتمەندیی خۆیان دەکەن. ئەمەش وادەکات، کە ڕۆمانەکانی لە چوارچێوەی باو و کلاسیکی دەربچن و ببنە نموونەی گونجاو و خەملیووی ڕۆمانی فرەدەنگی.
"باختین" لە شیکردنەوەکانی بۆ ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی" هەوڵدەدات لە چوارچێوەی ڕوانینی شیعرییەتی کۆمەڵناسییەوە، شیعرییەتیی ڕۆمانە فرەدەنگییەکانی "دیستۆیڤسکی" بە سەردەم و واقیعی کۆمەڵایەتیی و مێژووییەوە ببەستێتەوە. (ثامر، ١٩٩٢، 26). کەواتە؛ "باختین" لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی" هەوڵدەدات پەیوەندییەک دروست بکات لە نێوان لایەنی هونەریی "شیعرییەت" و لایەنی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەیەوێت ئەو کاریگەرییە ڕوونبکاتەوە، کە سەردەم و کۆمەڵگا و مێژوو لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانەکانی "دۆستۆیڤسکی"دا هەیانە.
لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە "مارکسیسییزم و فەلسەفەی زمان"، کە توێژینەوەی "باختین/ ڤۆلۆشینۆڤ"ـە. وەرگێرانی پێشەکییەکەی هی "یاکۆبسن"ـە. ، بە واژۆی "و.ن. ڤۆلۆشینۆڤ" لە "لینیگراد" لە دوو چاپدا بڵاودەبێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا "باختین" گۆشەنیگایەکی نوێ پێشکەش دەکات. ئەو پێیوایە: زمان تەنیا کۆمەڵێک ڕێسای ڕووکەش و شێوازی سادە نییە، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزی پەیوەندیکردن و دیالۆگە. لەجیاتی ئەوەی تەنیا سەرنج بخاتە سەر لایەنە تەکنیکییەکانی زمان، جەخت لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان لە گفتوگۆ و پەیوەندیکردندا دەکاتەوە. بەم شێوەیە ئەو تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ چۆنیەتیی کارکردنی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشکەش دەکات. (ثامر، ١٩٩٢، 28). لێرەوە تێدەگەین، کە دیالۆگ تەنیا ئامرازێکی گێڕانەوە نییە، بەڵکو بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی فرەدەنگی بە تایبەتتر.
ڕوانینی "باختین" بۆ فرەدەنگی قووڵترە لەوەی کە بونیادگەر و شێوەخوازەکان دەیبینن تەنیا وەک کۆمەڵێک دەنگی بێناوەڕۆک. فرەدەنگی لای ئەو بریتییە: لە کۆمەڵێک دەنگی بەرجەستە و پڕ لە ئایدیۆلۆژیای جیاواز، کە وادەکات ڕۆمان پێویستی بە گوتاربێژی جیاواز هەبێت، هەر یەکەیان گوتارە ئایدیۆلۆژییە تایبەتەکەی خۆی بخاتەڕوو، بە جۆرێک هەر قسەکەرێک دەتوانێت چەندین دەنگی جیاواز لەخۆ بگرێت و هەر دەنگێکیش بە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بناسرێتەوە. (قاضی، 2010، 101). ئەمەش ئەو کاتە دێتە بوون، کە ڕۆماننووس ئازادی بۆ گوتاربێژەکان فەراهەم بکات. لەم ڕووەوە بە لای "باختین" فرەدەنگی لە ڕۆماندا تەنیا تەکنیکێکی ئەدەبی ڕەخنەیی نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ پیشاندانی جیاوازیی بیروباوەڕ و جیهانبینیی مرۆڤەکان.
"باختین" لە تیۆرەکەیدا تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ بەرهەمی ئەدەبی، بە تایبەتی ڕۆمان، وەک پانتاییەکی زیندوو، تێیدا کۆمەڵێک دەنگ و گوتاری جۆراوجۆر دەبینێت، کە لە دیالۆگ و کارلێکی بەردەوام دان. ئەم دەنگانە دەکەونە ژێر کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و بەرژەوەندیخوازیی دەستە و تاقمەکان. هەروەها پێیوایە: هەر گۆڕانێک لە شێوازی دەربڕین، چ لە ڕووی ڕێزمانی، یان واتاییەوە، جا لە ژیانی ڕۆژانە بێت، یان لە ئەدەبدا، لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرە، کە تێیدا قسەکەر چاوەڕێی وەڵامی بەرامبەرەکەی دەکات و لەژێر کاریگەریی قسە پێشووەکانیش دایە. (الرويلي و البازعي، 2002، 308). کەواتە؛ "باختین" ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە تاک لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە گوتارێکدا، چ ئەدەبییانە بێت، یان

نائەدەبییانە.

"باختین" لە شیکردنەوەکەیدا بۆ ئەدەب، بە تایبەت گرنگیی بە جیاوازی نێوان ڕۆمان و شیعر دەدات، بە لای ئەوەوە ڕۆمان تایبەتمەندیی دیالۆگی هەیە، واتە؛ توانای ئەوەی هەیە چەندین دەنگ و گۆشەنیگای جیاواز لەیەککاتدا پێشکەشبکات. بۆ نموونە: لە ڕۆماندا دەکرێت کارەکتەرە جیاوازەکان بیروڕا و گۆشەنیگای جیاوازییان هەبێت و لەگەڵ یەکتردا دیالۆگ بکەن، بەڵام لە شیعردا، زیاتر دەنگێکی تاک و یەکگرتوو هەیە. ئەم جیاوازییە لای "باختین" ئەوەندە گرنگە، کە پێیوایە ئەمە ڕۆمان و شیعر دەکاتە دوو ژانری تەواو جیاواز لە ئەدەبدا. (باختین، 1985، 148).

"باختین" لە تیۆرەکەیدا، هەرچەندە ((لەم بۆچوونەدا لەگەڵ "سۆسێر" یەکدەگرێتەوە، کە زمان بەردی بناغەی هەموو واتایەکە و ڕەگەزی سەرەکیی زانینە، بەڵام بە پێچەوانەی "سۆسێر" زمانی وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی لە قەڵەمدەدات، نەک وەک سیستمێکی ڕووت و ئەبستراکت و یەکانگیر)). (ویبستێر، 2006، 76). لەگەڵ ئەوەشدا زمانی وەسفی بەرەو زمانناسییەکی بەرفراوانتر تێدەپەڕێنێت، کە گرنگیی بە پەیوەندییە دیالۆگییەکان دەدات. لێرەوەش بە پێچەوانەی تیۆرەکەی "دی سۆسێر"ـە، کە تەنیا لە زمان دەکۆڵێتەوە و دەربڕین بە کردەیەکی تاکەکەسیی دەبینێت.

"باختین" پێیوایە: دەربڕین سروشتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و بەرهەمی کۆمەڵێک دەربڕینی پێشووە، بۆیە گرنگیی بە دەربڕین دەدات نەک، تەنیا زمان. ئەم تێڕوانینە بۆ دەربڕین یارمەتی پێکهێنانی چەمکی "دیالۆگ"، یان "دانوستانکاری" دەدات کە "باختین" بەکاریدەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بە پەیوەندی نێوان دەربڕین و لێکدانەوەکان، کە دواتر "ژۆلیا کریستیڤا" ئەم زاراوەیەی بۆ "دەقئاوێزان" دەگۆڕێت و دەئافرێنێت، کە گوزارشت لە پەیوەندی نێوان دوو دەربڕین، یان دوو گوتار دەکات لە چوارچێوەی پەیوەندییە واتاییەکاندا. (حماش، 2011، 176). کەواتە؛ چەمکی "دیالۆگی-دانوستانکاری" لە گوتاری ڕەخنەیی "باختین"دا لەو پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەق بە دەوروبەرەکەی، بە ڕۆماننووس "داهێنەری دەق" و هەموو ئەو ڕۆماننووسانەی پێش ئەو دەبەستێتەوە. بۆیە ((ئەگەر شێوەخوازەکان هەر تەنیا بنەمای ژیربێژیی و تەنراوی سەربەخۆی دەقیان بەلاوە گرنگە، ئەوە "باختین" زیاتر پەنجە دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان دەق و دەقساز، پێیوایە: دەقی بێ دەقساز، یان بەرهەمی بێ دانەرو داهێنەر نابێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی توێژینەوەکان)). (باختین، 2008، 5).

تیۆرەکەی "باختین" کار لەسەر پۆلێنکردنی گوتار دەکات لە ڕۆماندا. (("دەیڤید لاج" ئەم پۆلێنکارییەی "باختین" بەم شێوەیە دەردەخات: گوتاری ڕاستەوخۆی ڕۆماننووس، گوتاری نوێندراو، گوتاری دوو لایەنە)). (باختین، 2008، 12). ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوەبکرێت گوتاری دووانەیی "دوولایەنە/ جووتدەنگی"یە، لەم بارەیەوە "باختین" پێیوایە: (گوتاری دووانەیی هەمیشە لەسەر بنەمای دیالۆگێکی ناوەکی دروست دەبێت. ئەم دیالۆگە ناوەکییە لە چەندین شێوازدا دەردەکەوێت، وەک لە گوتارە گاڵتەئامێز و پارۆدییەکان، لە گوتاری تێکشکێنەری گێڕەرەوە و کارەکتەرەکان، هەروەها لە ژانرە دەربڕینییە تێکەڵاوەکاندا. ئەم جۆرە گوتارانە هەموویان بە "گوتاری جووتدەنگی" ناودەبرێن، چونکە لە ناوەڕۆکیاندا دیالۆگێکی شاراوە و قووڵ هەیە کە لە نێوان دوو دەنگ، دوو تێگەیشتن و دوو زمانی جیاوازدا ڕوودەدات). (باختین، 1987، 91). لێرەوە دەکرێت بڵێین: گوتاری جووتدەنگی لە ڕۆماندا جۆرێکە لە جۆرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، لە تیۆری ئەدەبی و زمانناسییدا (جووتدەنگی توخمێکە لە قسەکەرەوە بەرەو وەرگر دەچێت. لە ئاستێکی هۆشیاریدا قسەکەر داوا لە وەرگر دەکات، گوێ لە قسەکانی بگرێت، کە ئەمەش بە (نیشانەی گواستنەوەی وشە" ناودەبرێت). (مکاریک، 1385، 130).

خاڵێکی دیکە لە تیۆرەکەی "باختین" پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، کە کاریگەریی هەیە لەسەر فرەدەنگی لە ڕۆماندا، ئەویش فرەزمانییە لە ڕۆماندا، چونکە ((بە پێی لێکدانەوەی "باختین"، گەرچی سەرلەبەری دیاردەی زمان لە خودی خۆیدا گفتۆگۆخوازە، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە لە هەندێک جۆری نڤیساندا پتر لەوانی دیکە ئاشکرا و لەبەرچاوانە. بە تایبەتی زمانی ئەدەبی پیشاندەری ڕێژەیەکی باڵای گفتۆگۆخوازییە و بە تێڕوانینی "باختین"، ڕۆمان پیشاندەری ئەو تایبەتمەندییە "فرەدەنگی"، یان "فرەواتایی"یە (heteroglossia) کە سەرومڕی واتا بەردەستەکانی نێو زمان ئاشکرا دەکات)). (ویبستێر، 2006، 77). لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوونبکەینەوە مەبەست لە فرەزمانیی، تەنیا بوونی چەند زمانێکی جیاواز نییە

لەناو دەقی ڕۆماندا، بەڵکو بوونی دەنگی جیاوازە، کە هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزێت، ئازاد بن لە دەربڕیندا، چونکە "باختین" پێیوایە ((لەوانەیە دەقێکی چەند زمانی هاوکات دەقێکی تاکدەنگی بێت). (باختین، 2008، 14)، ئەم تێڕوانینەی "باختین" جیاوازیی دەکات لە نێوان فرەزمانی "heteroglossia" و فرەدەنگی "Polyphony". فرەزمانیبوون ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی چەند زمان، یان شێوازی جیاواز لە ناو یەک دەقدا، بەڵام ئەمە بە تەنیا مەرج نییە بۆ ئەوەی دەقەکە بکات بە دەقێکی فرەدەنگی، چونکە دەقێک دەکرێت چەندین زمان و شێوازی جیاوازیی تێدابێت، بەڵام هەموو ئەم دەنگانە لەژێر جلەوی یەک دەنگی سەرەکیدا بن، کە زاڵە بەسەر دەقەکەدا. بۆ نموونە: لە ڕۆمانێکدا دەکرێت چەندین کارەکتەر بە زمان و شێوازی جیاواز قسە بکەن، بەڵام هەموویان خزمەت بە یەک بیرۆکە، یان گۆشەنیگای سەرەکی بکەن، کە ڕۆماننووس دەیەوێت بیخاتەڕوو. لەم دۆخەدا، سەرەڕای بوونی فرەزمانی، بەڵام دەقەکە هەر دەبێت بە دەقێکی تاکدەنگی.

کاتێک دەڵێین: ڕۆمانی فرەدەنگی لەسەر زمانی دیالۆگ دادەمەزرێت، واتە؛ پێویستە لایەنێکی قسەکەر و لایەنێکی گوێگر هەبێت کە دیالۆگی لەگەڵدا بکات. لێرەوە "باختین" لە تیۆرەکەیدا شێوازەکانی دیالۆگ بۆ دروستکردنی زمانی ڕۆمان دیاری دەکات، لەم لایەنەوە پێیوایە: ڕۆمان لەسەر بنەمای زمانی دیالۆگ دروست دەبێت، کە تیایدا پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر دەبێتە بنەمای پێکهاتنی دەق، زمان وەک سیستەمێکی چالاکی دیالۆگی دەبینرێت، کە تیایدا زمانە جیاوازەکان بەردەوام لە کارلێک و پەیوەندیی دان، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەخساندن و فەراهەمکردنی فرەزمانی و فرەدەنگی لەناو ڕۆماندا. گرنگترین خاڵی تیۆرەکەی "باختین" ئەوەیە ڕۆماننووس دەبێت لە خانەی بێلایەنیدا بمێنێتەوە و ڕێگا بدات کارەکتەرەکان بە سەربەخۆیی و بە زمان و ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیانەوە دەربکەون، بەبێ ئەوەی ڕۆماننووس ڕۆڵێکی دیکتاتۆری بگێڕێت، یان لایەنگیریی هیچ کارەکتەرێک بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دەقێکی زیندوو و فرەڕەهەند. (شرقي، 2014، 81).

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت بڵێین: بە پێی تیۆرەکەی "باختین" ڕۆمانی فرەدەنگی، یان دیالۆگی، باشترین جۆری ڕۆمانە، چونکە دەرفەتی دەربڕینی دەنگە جیاوازەکان و بۆچوونە هەمەجۆرەکان دەڕەخسێنێت لەناو یەک دەقدا. ئەم جۆرە ڕۆمانە تایبەتمەندە بە پێشکەشکردنی دیدگا جیاوازەکان لە ڕێگای کارەکتەرە هەمەجۆرەکانەوە، کە هەر یەکەیان خاوەنی زمان، بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیانن. ئەمەش وادەکات ڕۆمانەکە وێنەیەکی ڕاستەقینە و فراوانتری ژیانی کۆمەڵایەتیی و واقیعی مرۆیی پێشکەش بکات، هەروەها دەرفەت بە خوێنەر دەدات بۆچوون و دیدگای خۆی لەنێو ئەو فرەدەنگییەدا بدۆزێتەوە و هەڵیبژێرێت. ئەمەش وادەکات تیۆری "باختین" فرەدەنگیی بکات بە ئاوێنەیەک، کە بۆ کۆمەڵگا کاربکات و فرەچەشنی و ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤایەتیی پیشانبدات. بەمشێوەیە، ئەم تیۆرە چوارچێوەیەکی گرنگی بۆ شیکردنەوەی ڕۆمان و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا پێشکەشدەکات.

## 2. بنەماکانی فرەدەنگی لە ڕۆماندا

فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" لە ڕۆماندا دیاردەیەکی ئەدەبی و تەکنیکێکی نوسینە، کە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای تایبەت بنیادەنرێت. ئەم بنەمایانە چوارچێوەیەکی میتۆدۆلۆژی بۆ ڕۆماننووس دەڕەخسێنن، تا لە ڕێگەیانەوە بتوانێت بەرهەمێکی فرەدەنگی بئافرێنێت. هەموو ئەو بنەمایانە پەیوەندی تەواویان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، بۆیە زۆرجار بنەماکان تێکەڵی یەکتر دەبن و بەیەکەوە دەبنە هۆی دروستبوونی فرەدەنگیی لە ڕۆماندا. ئەمانەش چەند بنەمایەکی دروستبوونی فرەدەنگییە لە ڕۆماندا[3].

[3]. بێگومان بنەماکانی فرەدەنگی لە ڕۆماندا بە پێی تیۆری "باختین" زۆرن، ئێمە لە نامەکەماندا تەواوی بنەماکانمان خستووەتەڕوو و لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا پراکتیزەمانکردووە، بەڵام لێرە لەبەر سنووری توێژینەوە تەنیا سێ لە بنەما سەرەکییەکانی فرەدەنگیی دەخەینەڕوو کە بە پێی تیۆری "باختین" دەبنە هۆی ئەفراندنی تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆماندا، لە ڕۆمانی "تەرمەوان"ی "کاروان کاکەسوور"یشدا پراکتیزەی ئەو بنەمایانە دەکەین.

### 1.2 فرەیی کارەکتەر "تعدد الشخصية":

کارەکتەر توخمێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی ڕۆمان و گێڕانەوەدا، چونکە وەک بنەمایەکی ڕەسەن خزمەت بە پرۆسەی پیشاندانی ڕووداوەکان دەکات و دەبێتە هەڵگری بیروبۆچوونە جیاوازەکان. کارەکتەرەکان بە پێی پێشینەی کۆمەڵایەتی، کلتووری، ژینگەیی و کەسایەتییان، خەسڵەت و تایبەتمەندیی جیاوازیان هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فرەچەشنی و فرەدەنگی و دەوڵەمەندی لە دەقی ڕۆماندا. گرنگیی کارەکتەر لەوەدایە، کە وەستاو و چەقبەستوو نین، بەڵکو لە پرۆسەیەکی بەردەوامی گەشەکردن و گۆڕان دان، لە ڕێگەی کارلێک، پەیوەندی دووقۆڵی، ململانێ و ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتر، ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان بەرەو پێشدەبەن.

فرەیی کارەکتەر بە تەنیا هۆکار نییە بۆ دروستبوونی تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆماندا، چونکە هەموو ڕۆمانێک فرەکارەکتەرە، ئەوەی لێرەدا دەبێتە هۆی زەمینەسازی تەکنیکی فرەدەنگی، ئازادیی کارەکتەرەکانە، کە بە ئازادی بیر و ڕاو و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بخەنەڕوو. لەهەمانکاتدا ڕۆماننووس بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیای خۆی زاڵنەکات بەسەر کۆی پرۆسەی ڕۆمانەکە. واتە؛ ((ڕاستە کارەکتەر لە لایەن خەیاڵی ڕۆماننووسەوە وێنادەکرێت و دەسازێت، بەڵام پێویستە هەمیشە لە نێوان کارەکتەر و ڕۆماننووسدا مەودایەک هەبێت، کە ئازادیی بۆ جووڵە و هەڵسووڕاندنی کارەکتەرەکان فەراهەمبکات. لە لایەکی تر نابێت کارەکتەر ڕاستەوخۆ ببێتە سێبەر و دەسکەلای دەستی ڕۆماننووس، بۆ گەیاندنی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی بە ویستی خۆی بەکارییبهێنێت، یان کارەکتەر ببێتە گێڕەرەوەی بەسەرهاتەکانی ژیاننامەی ڕۆماننووس. لە سەرجەم ئەم بارانەدا بە لاوازی کارەکتەر و بێهێزی و بێپێزی ڕۆمان دەشکێتەوە.)) (عەزیز، 2014، 41). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاری ڕۆماننووس بۆ ئەفراندنی کارەکتەر کارێکی قورس دەبێت، چونکە بەهێزی و لاوازی ڕۆمانەکەی لەسەر ئەفراندنی کارەکتەرەوە بەند دەبێت.

لێرەوە دەردەکەوێت (کارەکتەر کەسێکە، کە بەشداری ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەکات، چ بە شێوەی ئەرێنیی بێت، یان نەرێنیی). (زيتوني، 2002، 113-114). ئەمەش وا دەکات کارەکتەر ببێتە بنەمای سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان. واتە؛ ((پێگەی هەموو کارەکتەرێک بە پێی بەشداری و چۆنێتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداوەکان دەبێت، بۆیە هاتنەئارای هەر کارەکتەرێک دەبێت کەم تا زۆر پەیوەندی بە ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەوە هەبێت، جگە لەوەش هەموو کارەکتەرێک بەگوێرەی بەشداریکردنی لە ململانێکانی نێوخۆیی ڕۆمانەکە زیندوویێتیی بە خۆی دەبەخشێت، چونکە ململانێ و ڕۆڵگێڕان و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەستیارانەیە، خوێنەر وا لێدەکات خۆی لە دۆخێکی ناجێگیردا ببینێتەوە)). (عەزیز، 2014، 41).

پەیوەندی لە نێوان کارەکتەر و ڕووداو پەیوەندییەکی تەواو تۆکمە و قووڵە، چونکە ((ئەوەی ڕاستی بێت ڕووداو بێ کارەکتەر و کارەکتەر بێ ڕووداو نابێت و هەر دووکیان پێکهێنەری گرێچنین. ئێمە ناتوانین بڵێین: ڕووداو گرنگترە، یان کارەکتەر، چونکە ڕووداو کارەکتەرە و کارەکتەریش ڕووداوە و یەکشتن و کەسیان لەوی دیکە گرنگتر نییە)). (کەسنەزانی، 2012، 121). کەواتە؛ ڕووداو و کارەکتەر دوو ڕووی یەک دراون و هەردووکیان بە یەکەوە پێکهاتەی سەرەکی ڕۆمان دادەڕێژن. لە لایەکەوە ڕووداوەکان بەبێ بوونی کارەکتەر واتایان نامێنێت و دەبنە کۆمەڵێک چالاکی بێگیان، لە لایەکی دیکەوە کارەکتەرەکان بەبێ بوونی ڕووداو ناتوانن خۆیان دەربخەن و بە تەواوی پەرەبسێنن.

کارەکتەر گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا، بەوەی کارەکتەرەکانی ڕۆمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە دروستکردنی ئەم فرەدەنگییەدا. "باختین" وای دەبینێت: کە لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا کارەکتەرەکان خاوەن توانای سەربەخۆن بۆ جڵەوگیریی ڕەوتی ڕووداوەکان و بەرهەمهێنانی بیروڕا و ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیان، بە شێوەیەک هۆشیارییان جیاوازە لە هۆشیاریی ڕۆماننووس. ئەم سەربەخۆییە ڕێژەییە وا دەکات کارەکتەرەکان ئازادیی تەواویان هەبێت لە گوزارشتکردن لە جیهانبینیی ناوەکی و دەرەکی خۆیان، تەنانەت ئەگەر ئەو بیروبۆچوونانە پێچەوانەی بیروبۆچوونی ڕۆماننووس، گێڕەرەوە، یان کارەکتەری سەرەکی بن. (حمداوي، 2015، 17). بە دەربڕینێکی دیکە، "باختین" پێیوایە: کارەکتەرەکان لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا وەک بوونەوەری سەربەخۆ و خاوەن دەنگی تایبەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نەک وەک ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونی ڕۆماننووس.

کارەکتەر لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا خاوەن هۆشیارییەکی سەربەخۆیە و ئازادە لە دەربڕین و خستنەڕووی بیرۆکەکان، وشەکانی بەرامبەر وشەکانی ڕۆماننووس دەوەستێت. "باختین" لە کتێبی "شیعرییەتی دیستۆیڤسکی"دا ئاماژە بەوە دەکات کە (لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا قسە و گوتەکانی کارەکتەر سەبارەت بە خۆی و جیهان هەمان گرنگی و بەهای قسەی ڕۆماننووسی هەیە، لە هەمان کاتدا ملکەچی ئەو وێنە بابەتییانە نابێت، کە ڕۆماننووس وەک خەسڵەتێک بۆی دیاریدەکات. هەروەها قسەی کارەکتەریش نابێتە هۆکارێک بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی ڕۆماننووس، بەڵکو لە پێکهاتەی دەقدا خاوەنی سەربەخۆییەکی تەواوە. ئەم سەربەخۆییە وا دەکات دەنگی کارەکتەر و دەنگدانەوەکانی تەریب بە دەنگی ڕۆماننووس بڕوات، بەبێ ئەوەی تێکەڵی یەکتر بن، بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندییان پێکەوە دەبێت. هەر وەک چۆن لەگەڵ دەنگە بەهادار و گرنگەکانی کارەکتەری دیکەشدا پەیوەندی دێنێتە ئاراوە و گفتوگۆ ئەنجام دەدات). (باختین، ١٩٨٦، 11). لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە "باختین" مەبەستی ئەوەیە ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە کارەکتەر چیدیکە بەرهەمی کۆتایی بۆچوونەکانی ڕۆماننووس نییە، بەڵکو دەنگێکی تایبەتە بە هەمان ئاستی گرنگی دەنگی ڕۆماننووس مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە پێیوایە: "دیستۆیڤسکی" بەهایەکی نوێی بەخشیوەتە کارەکتەرەکانی، کە بە تایبەتمەندی و بە جیاوازیی لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی کلاسیکی، ئازادی و خاوەندارێتیی دەنگی خۆیان پێ دەبەخشێت.

"باختین" ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ڕوانگەی کارەکتەر پەیوەستە بە هەڵوێستی هزرییەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت: ئاشکرایە کارەکتەری ناو ڕۆمان تەنیا ڕۆڵی قسەکەر نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی کاریگەر وەک ئەوەی لە دراما و داستانەکاندا هەیە دەتوانێت چالاک بێت. ئەم چالاکییە هەمیشە بە ئایدیۆلۆژیاوە دەبەسترێتەوە. کارەکتەر لە ڕۆماندا پێگەیەکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو وەردەگرێت. هەڵسوکەوت و کارەکانی کارەکتەر لە ڕۆماندا گرنگن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی قسەکانییەوە، باری ئایدیۆلۆژی ئاشکرابکات، یان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی هەیەتی). (باختین، 1987، 102). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی جلەوگیریی پێکهێنانی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و ڕوانگەی تایبەتی کارەکتەر دەکات، کردار و هەڵسوکەوتەکانیەتی. واتە؛ لە ڕێگەی کردارەوەیە کارەکتەر دەتوانێت هەڵوێستی هزری و ئایدیۆلۆژی خۆی دەربخات و بیسەلمێنێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: فرەدەنگی لە ڕوانگەی "باختین"ەوە بەهۆی ئازادی ڕادەربڕینی کارەکتەرەوە بەدی دێت. ئەو باوەڕی وایە: ڕۆمانی ڕاستەقینە ئەوەیە تیایدا چەندین دەنگ و ڕوانگەی جیاواز دەربکەون، کە هەر یەکەیان بیرکردنەوە و جیهانبینیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆیە (فرەیی کارەکتەر لە ڕۆماندا پەیوەستە بە فرەیی ئارەزووەکان، ڕێبازەکان، ئایدیۆلۆژیاکان، کلتوورەکان، شارستانییەتەکان، خەیاڵ، سروشتەمرۆییەکان، کە بۆ جۆراوجۆری و جیاوازییان سنوورێک نییە). (مرتاض، 1998، 73). ئەمەش لە ئەنجامی هەبوونی کارەکتەری سەربەخۆوە دەبێت، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای جیاوازن و دەتوانن خۆیان بە کردار و گوتار دەرببڕن، بەبێ ئەوەی بۆچوونی ڕۆماننووس بەسەریاندا زاڵ بێت. بەم شێوەیە، فرەیی ئایدیۆلۆژیای کارەکتەرەکان پێکهێنەری فرەدەنگییە و ڕۆمان دەکاتە سەکۆیەک بۆ دیالۆگ لە نێوان چەندین ڕوانگە و بیرکردنەوەی جیاواز، کە تا ڕادەیەک هیچ یەکێکیان بە تەواوی بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ نابێت.

### 1.1.2 فرەیی کارەکتەر لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا:

"تەرمەوان" ناوی ڕۆمانێکی ڕۆماننووس "کاروان عومەر کاکەسوور"ە، کە لە ساڵی "2023" دا لە لایەن "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم" چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ئەم ڕۆمانە لە پێنج بەش و پاشکۆیەک پێکدێت.

ڕۆمانەکە چیرۆکی کارەکتەرێکی زیندانی بە ناوی "دلدار" ناسراو بە "پ. و. شۆدی" و کۆمەڵێک زیندانی دیکە دەگێڕێتەوە، کە هەریەکەیان بە هۆکاری جیاوازەوە بەندکراون. دەقەکە وێنەی زنجیرەیەک شۆڕش دەکێشێت کە بە دوای یەکدا دێن و هەریەکەیان بەگوێرەی یاسای تایبەتی خۆیان بڕیاری زیندانیکردن، یان ئازادکردنی کارەکتەرەکان دەدەن. ڕۆماننووس لە ڕێگەی تەکنیکی "فلاشباک" و "شەپۆلی هۆش"ی کارەکتەرەکانەوە خوێنەر بۆ ناو چەندین چیرۆک و ڕووداو ڕادەکێشێت، کە تێیاندا کارەکتەرە جیاوازەکان دەبنە گێڕەرەوەی ئەو چیرۆک و ڕووداوانە.

"کاکەسوور" لەو ڕۆمانەدا ژمارەیەکی زۆر کارەکتەر دەئافرێنێت بە مەبەستی زەمینەسازیی فرەدەنگی، هەر یەک لەو

کارەکتەرانە بەناو و نازناوی جیاواز ئازادیی تەواویان پێدەدرێت بۆ ئەوەی بیرڕا و ئایدیۆلۆژیای خۆیان دەرببڕن. جگە لەوەی ڕۆماننووس ڕۆڵی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا هەوڵدەدات چیرۆک و ڕووداوەکان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بگێڕدرێنەوە.

ئەگەر بە وردی ئەو ڕۆمانە بخوێنینەوە، دەبینین ڕۆماننووس ئازادیی تەواو بە کارەکتەرەکان دەدات بۆ ئەوەی بە ئازادیی دیالۆگ بکەن، یان ئایدیۆلۆژیای خۆیان و ڕای خۆیان لەبارەی هەر بابەت و شتێک دەرببڕن، ئەوەتا لەبارەی تێڕوانینی کارەکتەرەکانەوە، ڕۆماننووس باس لە کارەکتەرێک دەکات بە ناوی "پ. و. شۆدیَ" ئەو کارەکتەرە لەبارەی کارەکتەرێک دیکەوە قسەدەکات کە ناوی "س. م. سلۆپی"یە، ئەوە دەخاتەڕوو کەس وەک ئەو "س. م. سلۆپی" ناناسێت بەوەی هەشت ساڵ تەختی نووستنەکەی بە تەنیشتییەوە دەبێت. بەشێوەیەکی جیاواز ڕای خۆی لەبارەی تەختی نووستن بۆ زیندانی دەخاتەڕوو. بیرۆکەیەکی قووڵ و فەلسەفی لەبارەی تەختی نووستن دەردەبڕێت. تەختی نووستن وەک شتێکی زیاتر و مەژگەیەکی فروانتر دەبینێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تەختی نووستن بۆ زیندانی هەموو شتێکە. هەم جەستەیە و هەم گیانیش. هەم زۆپایە و هەم فێنککەرەوەیش. هەم دەرگەیە و هەم پەنجەرەیش. هەم زەوییە و هەم ئاسمانیش. کاتێ تەختی نووستنەکەت بە هیی یەکێکی ترەوە دەنووسێت، زۆر مانای هەن، کە یەکێکیان ئەوەیە بە نهێنییەکانی دەزانیت، بە مەرجێ ئارەزووی زانینی نهێنیت لە دەست نەدابێت، لە کاتێکدا دەگمەنن ئەوانەی ئەو ئارەزووەیان دەمێنێت. بەم شێوەیە هاوتەخت پلەیەک لە سەرووی هاوڕێ و پلەیەک لە ژێر هاوسەرەوەیە...)). (کاکەسوور، 2023، 17).

کارەکتەرێکی دیکە، کە بابە گەورەی "پ. و. شۆدی"یە، ناوی "دارا"یە، بە "دارۆ" ناسراوە، لە بارەی زیندانەوە دەڵێت: ((زیندان لەو ساتەوە دەسپێدەکات. کە ئازاد دەکرێیت. نەوەک لەو ڕۆژەوەی دەگیرێیت)). (کاکەسوور، 2023، 24). ئەو دەربڕینە ئازادی دانە بە کارەکتەر، ئەگینا کەس نییە بەوشێوەیە لە زیندان بڕوانێت، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە کارەکتەر تەنیا یەکجار زیندانی کراوە، بەڵام لەسەر کارێکی نابەجێ دەگیرێت، ئەویش هەڵخەڵەتاندنی منداڵان و دەستدرێژیکردنەسەریانە، بۆیە ئەم دەربڕینە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئازادبوونی فیزیکی کارەکتەرەکان لە زیندان دەستپێکی زیندانێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دیکەیە. لە دەرەوەی دیوارەکانی زیندان کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەک دەبنەوە کە ناسنامەی تاوانبارییان بەسەردا دەسەپێنن.

"کاکەسوور" لەو ڕۆمانەدا گرنگی بە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی نادات، ناوی هەر کارەکتەرێکی هێنابێت، پەیوەستی دەکات بە ڕووداوێک و ئازادی دەکات ڕاووبۆچوون، یان چیرۆک و ڕووداوێک بگێڕێتەوە. ئەوەتا "لاوکۆ ڕاوکۆ"ی شاعیر، کە باوکی "تاوکۆ"ی بەرپرسی شارە، کە یەکێکە لە بەرپرسەکانی "ج. ل. ک"ییەکان. کاتێک شاعیر لەگەڵ "یەڵدا"ی باوکی "دارۆ" و "ئارۆ" دەکەوێتە گفتوگۆوە، لەبارەی "شەوباران" ی باوکی "یەڵدا" قسەدەکات، زۆر بە ئازادیی و ڕاشکاوانە لەبارەیەوە دەدوێت و دەڵێت: ((_ جاران لەم شارەدا یەک کەس ئامادە نەبوو لە لای شەوبارانی باوکت کار بکات، چونکێ بە ڕیسوایی دادەنرا، بەڵکوو شاگردەکانی لە شارە دوورەکانەوە هاتبوون، بەڵام ئەوەتە ئەمڕۆ بەشی زۆری شاگردەکانی تۆ هیی ئەم شارەن.

_ ئینجا ئەمە مانای چییە؟

"یەڵدا" دەپرسێت و شاعیر وەڵام دەداتەوە:

_ مانای وایە ئەمڕۆ لە دوێنێ جودایە و هیچ شەرم نییە مرۆڤ لە خاندا کار بکات، با خاوەنی خانەکە کەسێکی بێشەرەفیش بێت.

_ جوانە! بێگومان بێشەرەفەکە منم)). (کاکەسوور، 2023، 45-46).

"کاکەسوور" جۆرە کارەکتەرێکی دیکە دەخاتە ناو ڕۆمانەکەی، کە بە کارەکتەری ناتەواو دەناسرێت. ئەو جۆرە کارەکتەرە "باختین" ئاماژەی پێدەدات، کە لە دۆخی بەردەوامی و ناجێگیردا دەژیت. ئەم کارەکتەرە هۆگری ئاڵۆزییە و بە هۆی قەیرانە دەروونییەکانەوە بەرەو تاوان دەچێت، ئەمەشی بۆ سەپاندنی بیروڕاکانییەتی. (ئەو بیرۆکانەی مەزنن و چارەسەرناکرێن). (باختین، ١٩٨٦، 123). بەمەش بیرۆکە چارەسەرنەکراوەکانی ئەم کارەکتەرە، سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی ئەوون لەناو ڕۆمانەکەدا، بە جۆرێک ئەگەر لەو بیرۆکانە دابماڵرێت، بوونی لەناو بنیاتی گێڕانەوەدا کۆتایی

دێت. لەڕاستیدا، ناتەواویی و ناسەقامگیریی بیرۆکەکانی ئەم جۆرە کارەکتەرە بەهایەکە، کە نەک تەنیا بەردەوامی بۆ مسۆگەر دەکات، بەڵکو ڕۆمانیش بەرەو فرەدەنگی و فرەڕەهەندی دەبات.

بۆ نموونە: کارەکتەر "ج. ط. کلاش"، کە پاسەوانی زیندانە، بە هۆی ئەوەی ئەشکەنجەی ئەو زیندانییانە دەدات، کە لە زینداندا مان لە قسەدەگرن، بۆیە ژیانی دەکەوێتە بارودۆخێکەوە تاوان لای ئاسایی دەبێت، ئەمەش وادەکات، سەرۆکی پاسەوانانی زیندان بە ناوی "د. ۆ. گەلەوز" بە "س. م. سلۆپی" هاوتەختی ئەو بڵێت: ((خۆی لێ بە دوور بگرێت و نەکا بخەڵەتێت، ئەگەر دەبینێت جاروبار گاڵتە دەکات، ئەوە بۆ ئەوەیەتی بیخاتە داوەوە. دەیگووت پیاوێکە، دەستی بە هەموو لایەکدا دەڕوات و پێیشی خۆشە ئازار بگەیەنێت. ژنی یەکەمی هەر بۆ خۆشی خنکاندووە و ئەوەی دووەمی لە کۆیلەیەک زیاتر نییە. لێی پرسیووە: "دەڵێی چی هەر بۆ خۆشی بتخنکێنم؟". ژنە قاقای لێ داوە و پرسیوویەتی: "هەر بۆ خۆشی؟". زۆر بێباکانە گوتوویەتی: "ئا، هەر بۆ خۆشی". ژنە قاقایەکی بەرزتری لێ داوە و هاتووەتەوە گۆ: "ئینجا خۆ لە دەستت دێت". پەنجە ئەستوورەکانی لە قورگی گیر کردووە و هەناسەی لێ بڕیوە)). (کاکەسوور، 2023، 67).

"دادە دەلیلە" یەکێکی دیکە لەو کارەکتەرانەی، کە بەشێکی گێڕانەوەکانی ئەو ڕۆمانە لە ئەستۆ دەگرێت، لە زۆر شوێندا بە ئازادیی ڕاووبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، کەسێکی بوێر و ئازایە. دیالۆگێکی سەرنجڕاکێشی نێوان "دەلیلە" و "باهۆ"ی سەگی ماڵی "زیبا" دەبیستین، کاتێک دەڵێت: ((بۆم دەرکەوتووە ئەوانەی زێدی خۆیان جێ دەهێڵن و لە شوێنی دی دەگیرسێنەوە، توانای گۆڕانکارییان هەیە، چونکێ گوێ بەوە نادەن پشتیان تێ دەکرێت، لە کاتێکدا هێشتا ڕووی کەسیان نەدیوە. ئەوانە لە سزا ناترسن، سزای ئەوەی بە نابووت دابنرێن و سووک سەیر بکرێن. ئەو ئازادییە دەست و پێیان دەکاتەوە، تا چییان پێ خۆشە، ئەوە بکەن، "باهۆ". هەر ئەوەی "وەستا زۆراب" و "وەستا پیرۆت" توانیویانە زێدی خۆیان جێ بهێڵن و پشت لە کەسوکاریان بکەن، مانای وایە ئازان و ناترسن، بۆیە توانیویانە دەست بۆ کاری وا بڤە ببەن. دەسا هەر ئەوانیش کاریگەرییان دەبێت. ڕۆژێک دێت کەبابچی وەک هەر کەسێکی دی لێی دەڕوانرێت، بگرە ئەگەر بە نەوەکانی ئایندە بڵێیت: خواردنی کەباب ناشیرینە و کەبابچی سووکە، وا دەزانێت گاڵتەیە، یان مەبەستتە سووکایەتی بە پیشەکە بکەیت، "باهۆ")). (کاکەسوور، 2023، 98-99). لێرەدا "دەلیلە" بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە باس لەوە دەکات چۆن ئەوانەی زێدی خۆیان جێدەهێڵن، بە هۆی ئازادبوونیان لە سنووربەندییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای پێشخستنی گۆڕانکاریی و تێپەڕاندنی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانیان هەیە. بە دیدێکی ئاییندەبینانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەندێک پیشە لە ئێستادا بە سووکی سەیر دەکرێن، بەڵام لە داهاتوودا بە چاوێکی ڕێزەوە دەڕوانرێتە جێگایان لە کۆمەڵگادا، بە جۆرێک نەوەکانی داهاتوو بە سەرسوڕمانەوە لە تێڕوانینی نەرێنیی ئەمڕۆ بۆ ئەو پیشانە دەڕوانن.

"کاکەسوور" جگە لەو کارەکتەرانەی باسمان کردن، چەندین کارەکتەری دیکە دەخاتە ناو ڕۆمانەکە، هەر یەکە لەو کارەکتەرانەی خاوەن ڕوانین و ئایدیۆلۆژیا و چیرۆک و ڕووداوی خۆیانن، کە بەهۆی سنووری توێژینەوە ناتوانین ڕوانین و ئایدیۆلۆژیای هەموویان باسبکەین.

### 2-2 فرەیی زمان "تعدد اللغة":

ئاشکرایە زمان بناغەی ڕۆمانی فرەدەنگییە و ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە دروستکردنی دەنگە جیاوازەکاندا دەگێڕێت. لە ڕۆمانی فرەدەنگیدا زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گێڕانەوە، بەڵکو بۆتە هۆکارێک بۆ بەرجەستەکردنی جیهانبینی، کولتوور و ناسنامەی کارەکتەرە جیاوازەکان. هەر دەنگێک لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی، چ لە شێوەی شێوەزار، زاراوە، دەستەواژە، یان ئاستی زماندا بێت. ئەم جیاوازییە زمانەوانییانە دەبنە هۆی دروستبوونی دیالۆگ و پێکدادانی ئایدیۆلۆژیی لە نێوان کارەکتەرەکاندا، بەبێ ئەوەی دەنگی ڕۆماننووس باڵادەست بێت. لە ئەنجامدا زمان لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا دووردەکەوێتەوە لە کارەکتەری نەریتخواز و کاراکتەری دیموکراتی دروستدەکات، چونکە دەرفەت دەدات بە هەموو دەنگێک سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و وەک پێکهاتەیەکی زیندوو لە چوارچێوەی ململانێی کۆمەڵایەتیی و کولتووریدا بەشداری بکات.

زمان لە جیهانی داهێنانی ئەدەبیدا بە تایبەت لە گێڕانەوەدا پێگەیەکی گرنگ و تایبەتی هەیە، هەروەها بنچینەی سەرەکی پێکهێنەری هونەری ڕۆمانە. دیارە ئەوە ڕوونە جیهانی هونەری ڕۆمان بە تەنیا زمانێکەوە سنووردار نییە، بەڵکو

پێکهاتەیەکی زمانییە، کە بە "ڕۆمانی دیالۆگی" ناودەبرێت. "جەمیل حەمداوی" لە بارەی ڕۆمانی فرەدەنگیی "پۆلیفۆنی" دەڵێت: ڕۆمانی فرەدەنگی "پۆلیفۆنی" لەسەر فرەچەشنی شێوازی زمانی بنیاتدەنرێت، کە فرەڕەهەندیی پێکدەهێنێت، پێی دەگووترێت "دارِشتنی دیالۆگی". (حمداوی، 2015، 19). بۆیە ئەم فرەزمانییە هەماهەنگیی و ڕێکخراوییەک لە نێوان پێکهاتەی دەقی گێڕانەوە دروستدەکات. دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی چەندین گوتار، ئەو گوتارانەش یەکتری تەواودەکەن و دەبنە هۆی دروستبوونی دیالۆگ لە نێوان گوتارەکاندا.

کەواتە؛ ژانری ڕۆمان فرەشێوازە، چونکە خاوەن زمانی جیاوازە، بۆیە ((شێوازی ڕۆمان لە میانی پەیوەندیی نێوان زمانە جیاوازەکاندا دیاردەبێت)). (سالح، 2005، 21). ئەمەش هەمان ڕای "باختین"ە، کاتێک دەڵێت: (زمانی ڕۆمان تاکزمان نییە، بەڵکو لە تێکەڵکردنی چەند زمانێک پێکدێت). (باختین، 1988، 221). بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەو ئاوێتەبوونەی زمان لە ڕۆماندا، ڕۆمانێکی فرەدەنگی و فرەڕەهەند بەرهەم دێنێت، ئەمەش وادەکات (چینێن جڤاکیێن جودا جودا دئێک ڕۆماندا پەیدابن و هەر چینەکێ د ڕۆمانێ دا زمانێ خۆیێ تایبەت بپارێزیت، ئەڤە بۆ ئەگەرا فرەدەنگیێ دناڤ ڕۆمانێ دا). (عەبدولقادر، 2008، 279).

ڕۆمان خاڵی کۆبوونەوە و پێکدادانی زمانە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و دەنگە تاکەکەسییەکانە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆمان تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێک نییە، بەڵکو پانتاییەکی فراوانە تێیدا چەندین زمان، شێواز، ئاستی گوتار و دەنگی جیاواز بەیەک دەگەن و لەگەڵ یەکتردا دیالۆگ دروستدەکەن. ئەو پێکدادانە زمانییانە لەناو ڕۆماندا پێکهاتەیەکی کاریگەر و چالاک دەئافرێنن، تیایدا هیچ دەنگێک بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵنابێت، هەموویان لە پەیوەندییەکی دیالۆگئامێزی بەردەوامدا دەبن. بۆیە (فرەزمانی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ئازادکردنی دەقی ئەدەبی لە چنگی دەسەڵاتی تاکزمانی. بوار بۆ دەرکەوتنی بینین و جیهانبینی تاکەکان دەڕەخسێنێت. هەروەها مەیدان بۆ گفتوگۆی زمانەکان لەگەڵ یەکتر خۆشدەکات، واتە؛ هەر دەنگێک، زمانێک، یان شێوازێک لە کارلێک و گفتوگۆی بەردەوام دایە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا). (ڕەشید، 2017، 276). بۆیە فرەزمانی لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا بنەمایەکی بنەڕەتییە، کە پێچەوانەی هەژموونی تاکزمانە. جوانی و هێزی ڕۆمانی فرەدەنگی لە دەرکەوتن و بەیەکگەیشتنی زاراوە جیاوازەکان، شێوازە ناکۆکەکان و دەنگە فرەچەشنەکان سەرچاوە دەگرێت.

"باختین" پێیوایە: زمان بەردەوام لەگۆڕان دایە و هەمیشە واتا فرەلایەنە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زمان گۆڕەپانێکە بۆ ململانێ و مشتومڕ، هەر بۆیە کاتێک وشەی "ئازادی" بەکاردێنین، واتایەکی ڕوون و قسەبڕ و کۆتایی نییە، بەڵکوو بۆی هەیە بۆ کەس و دەستەوتاقمە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان واتاگەلێکی تەواو جیاواز و تەنانەت دژوازی هەبێت)). (وێبستێر، 2006، 76). بۆیە لە ڕوانگەی "باختین"ەوە زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکو زەمینەیەکی لەبار و فراوانە بۆ ململانێ و مشتومڕی واتاکان. وشەی "ئازادی" واتاکەی بە هیچ شێوەیەک ڕوون، قسەبڕ و یەکلاکەرەوە نییە، وەک چۆن لە مشتومڕە فەلسەفی و سیاسییەکاندا دەبینرێت. ئەم وشەیە، کە لە ڕواڵەتدا سادە دێتە بەرچاو، لە ڕاستیدا هەڵگری چەندین چین و ڕەهەندی واتایی جیاوازە، دەکرێت بۆ کەسێک، یان دەستەیەک، ئازادی بە واتای ڕەهایی لە کۆتوبەند بێت، بۆ دەستەیەکی دیکە، دەکرێت بە واتای بەشداریکردن لە دیاریکردنی چارەنووس و بڕیاردان بێت، بۆ دەستەیەکی دیکە ڕەنگە بە واتای سەروەری یاسا، یان دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی بێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە زمان پانتاییەکی فراوان و چالاکی بەردەوامە و واتاکان تێیدا دروست دەبن و گۆڕانیان بەسەردا دێت.

ڕۆمانی فرەدەنگی بە تایبەتمەندییەکی بەرچاو جیادەکرێتەوە، کە زمانەکەی لە سنووری وشە و دەربڕینی ڕۆژانە دەردەچێت و بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر هەنگاودەنێت. واتە؛ ئەو جۆرە ڕۆمانە (پشت بە وێنەی خوازەیی، یان ئاماژەیی دەبەستێت، لەگەڵ بەکارهێنانی دەستەواژە و هێمای ئاماژەیی و فرەواتایی). (حمدان، 2008، 120). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لەمجۆرە ڕۆمانەدا زمان لە ئاستی گواستنەوەی واتای ڕاستەوخۆ و ساکار دەترازێت و بەرەو زمانێکی ئاماژەیی، هێمایی و نیشانەدار هەڵدەکشێت. ئەم گواستنەوە زمانییە، ڕۆمان لە چوارچێوەی دەربڕینی واقیعی ڕۆژانە ڕزگار دەکات و بارگاوی دەکات بە شیعرییەت و ئاستێکی بەرزی جوانکاریی، کە وەک باڵێک بەسەر پێکهاتە و ناواخنی

ڕۆمانەکەدا دەکشێت. ئەمەش وادەکات خوێندنەوەی ڕۆمان لە سادەیی تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ دەربچێت و پێویستیی بە خوێنەرێکی تایبەت هەبێت، کە خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیری بێت، توانای هەڵوەشاندنەوە و دۆزینەوەی چینەکانی واتای شاراوە هەبێت لە پشت هێما و ئاماژە و نیشانەکانەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: زمان توخمێک و بنەمایەکی گرنگیی پێکهێنەرە لە کاری ڕۆماندا، بە تایبەتی لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا، ئەمەش کاتێک دێتە بوون کە تاکزمانی جێگەی خۆی بۆ فرەزمانی و فرەچەشنی زاراوە و شێواز چۆڵدەکات. ئەم فرەچەشنییە زمانییە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان بەرجەستە دەکات و بوار دەڕەخسێنێت بۆ دەرکەوتن و دەربڕینی زمان و شێوازی تایبەتی هەر کارەکتەرێک. لێرەوەش ڕۆمانێکی فرەدەنگی و فرەڕەهەندی سەرهەڵدەدات و جیادەبێتەوە لەو جۆرە ڕۆمانانەی زمانی دەقەکەی، لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوە.

## 2-2 فرەیی زمان لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا:

گەر بە پێی تیۆری "باختین" لە ڕۆمانی "تەرمەوان"ی "کاکەسوور" وورد‌ببینەوە، دەبینین ئەو ڕۆمانە نموونەیەکی بەرجەستەی فرەزمانی و فرەدەنگییە. ڕۆماننووس توانیوویەتی کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی زیندوو بئافرێنێت، کە هەر یەکەیان خاوەنی دەنگ و زمانی تایبەت بە خۆیان بن. شێوازی قسەکردن و دەربڕینی هەر کارەکتەرێک ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پێگەی کۆمەڵایەتیی، ئاستی ڕۆشنبیریی و بیروباوەڕە ئایدیۆلۆژییەکانیەتی. "کاکەسوور" بە وریاییەوە زمانی گونجاو بۆ هەر کارەکتەرێک هەڵدەبژێرێت و ڕێگە دەدات ئەو کارەکتەرە بە ئازادیی قسە بکات و ڕوانگەی خۆی و ئایدیۆلۆژیای خۆی دەرببڕێت.

"کاکەسوور" لەو ڕۆمانەدا باس لە چەندین زمان دەکات، وەک "زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی و فەڕەنسیی، زمانی دەوڵەت". ئەو زمانانە لە شێوەی گریمانەدا هەن، بەو واتایەی لە خەیاڵی خوێنەردا دەردەکەون، بەڵام لە ئاستی نووسیندا زمانەکە کوردییە. کاتێک ڕۆماننووس باس لە "زمانی دەوڵەت" دەکات، نازانرێت زمانی دەوڵەت چ زمانێکە، بەڵام لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ئەوە ڕووندەبێتەوە دەوڵەت ناوێکی ئاشکرای نییە، بەڵکو شاراوەیە و لە ڕێی هۆکارەکانی دەستەڵاتەوە پیشاندەدرێت، بەو واتایەی خاوەنی دامودەستگای کۆمەڵایەتیی لە چەشنی "فێرگە، زیندان، سوپا و هی دیکە"یە.

لە زۆر شوێنی ئەو ڕۆمانەدا باس لە "زمانی دەوڵەت" دەکرێت، کە بەشێکی لە کارەکتەرەکان بەو زمانە قسەدەکەن، ئەو زمانە زمانی دەوڵەتە، بەڵام دیار نییە چ جۆرە زمانێکە، هەر بە ناوی زمانی دەوڵەت هاتووە، بۆ نموونە: کاتێک "دیلان" و "دیدەن" بە دوای "دڵدار" ناسراو بە "پ. و. شۆدی" هاتوون، کە لە زیندان ئازادکراوە، بەڵام نایدۆزنەوە. بۆیە پاسەوانی زیندان، کە ناوی "ج. ط. کلاش" مایکرۆفۆن لە هاوڕێیەکی وەردەگرێت بە زمانی دەوڵەت قسەدەکات و دەڵێت: ((داوا لە دڵدار دیدار دارا دەکەین بۆ لای ئۆتۆمۆبیلی ژمارە هەشت هەشت هەشت بچێت، کە دیدەن دارا و دیلان دارا لەوێ چاوەڕێین)). (کاکەسوور، 2023، 59). ئەگەر سەیری دەقی قسەی ئەو پاسەوانە بکەین، دەبینین هەر بە زمانی کوردی نووسراوە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی پاسەوانی زیندانە و فەرمانبەری دەوڵەتە، بۆیە لەو ڕێگەیەوە دەزانین، زمانی ئەو کارەکتەرە زمانی دەوڵەتە، لەهەمانکاتیشدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە بە زمانی دەوڵەت قسەدەکات، لەهەمانکاتدا زمانێکی هێماگەرایی سەربازییە، تا ڕادەیەک هەر بەکارهێنەرەکانی دەتوانێت لە ڕاز و نهێنییەکانی تێبگەن.

کورد لەو دەوڵەتەدا ددانی پێدانانرێت، بگرە نکۆڵی لە بوونیشی دەکرێت. ڕۆماننووس دێت هەر چوار وڵاتی "تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا" لەیەک دەدات، لەناو ئەو چوارچێوەیەدا زمانێک دروستدەکات، کە پێی دەگووترێت "زمانی دەوڵەت". لە بەرانبەردا زمانی کوردی ددانی پێدانانرێت، بەڵکو لە ڕێی یاساوە هەر کەسێک سزا دەدرێت، ئەگەر بە کاریبهێنێت. بۆ نموونە: کاتێک ڕۆماننووس باس لە گەڕەکێک دەکات بە ناوی "کوردگاشە"، کە گەڕەکێکی کوردییە و گردەکەشی بە "گردی کوردگاشە" ناسراوە، خەڵکی ئەو گەڕەکە بە زمانی کوردی قسەدەکەن، بەڵام ئاگاداردەکرێنەوە ئەگەر زمانی کوردی بەکاربهێنن سزادەدرێن. لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ناوی گەڕەکەکەیش "کوردگاشە"، هەر کوردییە و گردەکەیش بە "گردی کوردگاشە" ناسراوە، بۆیە زمانی کوردی لەوێ زیاتر لە زمانی دەوڵەت بەکاردەهێنرێت، کە زۆرجار ئاگادار کراونەتەوە و سزا دراون)). (کاکەسوور، 2023، 213). ئەم دەقە ئەوە دەردەخات ڕۆماننووس فرەزمانی بۆ

دەرخستنی فرەدەنگی بەکاردەهێنێت و بە وریاییەوە سوودی لێوەردەگرێت، ئەمەش بە دەرخستنی ململانێی نێوان دەسەڵات و نەتەوەی بندەست. لە ڕێگەی پێکدادانی زمانی فەرمی دەوڵەت و زمانی کوردیی قەدەغەکراو. ڕۆماننووس دوو دەنگی دژ بەیەک دەخاتەڕوو، کە هەریەکەیان جیهانبینیی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو فەزا ناکۆکەی "کوردگاشە" دەیئافرێنێت، تەنیا شوێنێک نییە، بەڵکو مەیدانی ململانێی نێوان دوو دەنگی نایەکسانە: دەنگی دەسەڵات، کە لە ڕێگەی یاسا و سزاوە خۆی دەسەپێنێت، و دەنگی خەڵکی کورد، کە سەرەڕای هەموو هەڕەشەکان، لە ڕێگەی زمانی دایکییانەوە بەرگریی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. بەمشێوەیە، فرەزمانی لە ڕۆمانەکەدا کرۆکی فرەدەنگییە و پەیامی بەرهەڵستکاریی و ململانێی ناسنامە دەردەخات.

"کاکەسوور" لەو ڕۆمانەدا هەوڵدەدات کارەکتەرەکان ئازادبکات بەشێوەیەک لە دەربڕیندا ئازاد بن و بە شێواز و زمانی تایبەتی خۆیان قسەبکەن، کە لەگەڵ بیروڕا و ئایدیۆلۆژیای کارەکتەرەکان بگونجێت، چونکە زمان (بیرکردنەوەیە، خەیاڵە، بەڵکو خودی زانیاریی و خودی ژیانە، لەو ڕوانگەوە نەگونجاوە مرۆڤ لە دەرەوەی چوارچێوەی زمان بیربکاتەوە، بۆیە تەنیا لە چوارچێوەی زماندا، یان لە ڕێگەی زمانەوە بیردەکاتەوە). (مرتاض، 1998، 93).

ئەوەتا "دەلیلە" یەکێکە لەو کارەکتەرانەی، بەشێکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لەئەستۆدەگرێت. ئەو کارەکتەرە سەرەڕای ئەوەی نەخوێندەوارە و کچی خانەوادەیەکی گامێشەوانە و لە قەراغی شار دەژین، بەڵام خاوەن زمان و شێوازی تایبەت بە خۆیەتی، بەشێوەیەک لە کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر دەچێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە ماڵی "زیبا" و "یەڵدا" دەژییێت و پەروەردە و گەورە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی گوزەران و کاتی لە "خان" بەسەردەبات، کە کەسانی جیاواز ڕووی تێدەکەن. هەروەها "زیبا" بەردەوام پەرتووکی بۆ دەخوێنێتەوە. ئەمە وادەکات لە ڕێگەی "دەلیلە"وە ((وردەکارییەکانی شار لە ئاستی ئابووری، سۆسیۆلۆجی، سیاسی، ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی، کولتووری و سۆمبۆلی، بگرە لە ڕووی تەلارسازیشدا پیشان بدرێت، بۆیە لە ڕێی ئەوەوە چیرۆکی جیاوازی کەسەکان دەخرێنە ناو پرۆسێسی گێڕانەوەوە)). (کاکەسوور، 2023). بۆیە دەکرێت لە چوارچێوەی تیۆری فرەدەنگی و فرەزمانی "باختین"، شرۆڤەیەکی گرنگ بۆ دەربڕینە فەلسەفییەکانی "دەلیلە" لەو ڕۆمانەدا بکەین. دیارە دەربڕینەکانی نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ئازادییە زمانییەن، کە "باختین" وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی ڕۆمانی فرەدەنگی پێناسەی دەکات. کاتێک "دەلیلە" کارەکتەرێکی نەخوێندەواریی چینی خوارەوەی کۆمەڵگایە، قسە لەگەڵ "باهۆ" سەگی ماڵی "دارۆ" دەکات، دەربڕینەکانی سنووری پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی تێدەپەڕێنن، بۆ نموونە: کاتێک دەڵێت: ((کاتێ جەستەکان تێکەڵی یەک دەبن، ئاراستەکان نامێنن. نازانرێت کێ کێی لە باوەش گرتووە و کێ لە باوەشی کێدایە. هێندە توند گوشیمی، وام زانی دەیەوێت بمکوژێت، کە هەر بە ڕاستییش هیوام دەخواست گیانم دەربچێت)). (کاکەسوور، 2023، 93). ئەم دەربڕینە فەلسەفییە دەرخەری ئەو بنەمایەی "باختین"ـە، کە تیایدا کارەکتەر دەبێتە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆ، کە سنووری چاوەڕوانییەکان تێدەپەڕێنێت، هەروەها زمان دەبێتە زەمینەی دەربڕینی ئەزموونی تاکەکەسیی بەشێوەیەکی تایبەت.

دواتر "دەلیلە" لە دەربڕینێکی فەلسەفیدا بەرەو فرەواتایی زمان هەنگاو دەنێت، دەڵێت: ((دەڵێن مردن دوو سەری هەن، "باهۆ". یەکێکی خۆش و یەکێکی ناخۆش. ڕەنگە لەو کاتەدا من لە باوەشیدا گەیشتبێتمە سەرە خۆشەکەی، بۆیە ئەو هەستەم لە لا دروست بووە. کاتێ دەڵێم سەرە خۆشەکەی، بە هەڵە تێمەگە، "باهۆ"! دەسا بۆ من چاکترە بە هەڵە تێبەگەیت. ئایا ئەوانەی لەوپەڕی خۆشیدا دەیانەوێت گیانیان دەربچێت، وەک ئەوانەن لە ناخۆشیدا هیوای مردن دەخوازن؟)). (کاکەسوور، 2023، 93). لێرەدا ئەم دەربڕینەی "دەلیلە" بە پێی تیۆری "باختین" چەند لایەنێکی گرنگ دەخاتەڕوو:

1- دیالۆگیی ناوەکی: "دەلیلە" لە دیالۆگێکی ناوەکی دایە سەبارەت بە مردن، کە واتایەکی دوولایەنی دژبەیەک وەردەگرێت؛ مردن وەک کۆتایی ژیان و ژیان وەک خوازەیەک بۆ چێژی سێکسی.

2- کەرنەڤاڵ: تێکەڵبوونی مردن و ژیان، خۆشی و ناخۆشی، لە چەمکێکی دیالێکتیکیدا.

3- دەنگی سەربەخۆ : "دەلیلە" دەبێتە خاوەنی فەلسەفەی تایبەت بە خۆی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مردن و خۆشی.

کارەکتەرێکی دیکە بەناوی "ئیستیم" دوای ئەوەی لە لایەن "ج. ل. ک"یەکانەوە دەردەکرێت، دەبێتە بازرگانێکی گەڕۆک

"چەرچی"ی پەلەوەر و ئاژەڵان، کە بە هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات پڕ لە گاڵتەو گەپ سەبارەت بە کڕین و فرۆشتنی باڵندە و ئاژەڵەکان، سەرنجی منداڵ و هەرزەکاران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەوەی جێگەی تێڕامانە لە کارەکتەری "ئیستیم"دا، جیاوازیی هەڵوێست و بیرکردنەوەیەتی سەبارەت بە ئەسپ لە چاو ئاژەڵەکانی دیکە. لەکاتێکدا زۆربەی ئاژەڵەکان لای ئەو تەنیا ئامرازی گاڵتە و بازرگانین، بەڵام ئەسپ لە لای ئەو پێگەیەکی تایبەت و نموونەیەکی هەڵکەوتووی ڕەسانەیەتیی و وەفادارییە. لەم بارەیەوە بە زمانێکی جیاواز دەڵێت: ((تا ئێستا زۆر مەل و ئاژەڵی هاتوونەتە دەست و گۆڕیونیەتیەوە، بەڵام خۆشبەختانە ڕێکەوتی ئەسپی نەکردووە. ئەوان وشەی "خۆشبەختانە"یان لەو شوێنەدا بە سەیر دەزانی، بۆیە لە هۆکاری بەکارهێنانەکەیان دەپرسی. سەرەتا نەیدەویست وەڵامیان بداتەوە، بەڵام دوای ئەوەی زۆر پێیان داگرت، گوتی چونکە بە هیچ شتێکی تری ناگۆڕێتەوە، بەڵکوو خۆی هەڵدەداتە سەر پشتی و بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە، کە لێوەی هاتووە، بە مەرجێ لەو شوێنەدا تەنیا گۆڕی دایک و باوکی جێ هێشتوون. دەیگوت جگە لە ئەسپ، سەرجەم ئاژەڵەکانی دی هیی گاڵتەن. ئەسپ و گاڵتەیان نەگوتووە. مرۆڤ هەر کاتێ خۆی لەسەر پشتی ئەسپدا بینیی، گاڵتە و گەپ بە لاوە دەنێت، بەڵکوو دەبێتە یەک پارچە لە ڕژدی، تەنانەت ئەندامەکانی لەشی بە شێوەیەکی دی بە کار دەهێنێت)). (کاکەسوور، 2023، 128). لەم ڕۆمانە فرەدەنگییەدا دەردەکەوێت، زمان و شێوازی قسەکردنی کارەکتەرەکان بە پێی دۆخی جیاواز دەگۆڕێت. ئەوەتا "ئیستیم" وەک کارەکتەرێک، کە بە گشتی بە کەسێکی قۆشمەباز و قسەخۆش ناسراوە، بەڵام کاتێک باس لە ئەسپ دەکات، بەهۆی خۆشەویستیی و گرنگیی ئەو ئاژەڵەوە شێوازی قسەکردن و دەربڕینی دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی ڕژد. ئەم گۆڕانکارییە لە شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتدا نیشانەی ئازادیی کارەکتەرە لە ڕۆماندا، کە ڕۆماننووس دەیداتە کارەکتەرەکانی خۆی و دەرفەتیان پێدەدات گەشە بکەن و بە پێی دۆخەکان زمان و شێوازی قسەکردنیان بگۆڕن.

ڕۆماننووس لەو ڕۆمانەدا بەشێوەیەک کارەکتەرەکان ئازاد دەکات، تا دەگاتە ئەوەی بە پێی شێوازی دەربڕین و قسەکردنیان جۆری کارەکتەر و هەڵوێستی کارەکتەر دەردەکەوێت، بۆ نموونە: کاتێک "سمە گڵینگ"، کە یەکێکە لە شاگردەکانی "خان"، لای "یەڵدا" کاردەکات لاشەی "هونەرمەند" دەبینێت، چەپۆکێک بە ئەژنۆیدا دەکێشێت و دەڵێت: ((من وا دەچم مردووشۆر دەهێنم)). (کاکەسوور، 2023، 39). لەو دەربڕین و قسەیەیدا دەردەکەوێت، ئەو کارەکتەرە هەمیشە بە دوای گەورەکردنی کێشە و ڕووداوەکانە، بۆیە هەر بەوەش ناسراوە شتی بچووک گەورە دەکات. لەهەمانکاتدا "ڕیدووری پەناباغی)یش کە کارەکتەرێکی دیکەیە، لەو بارەیەوە قسە دەکات و دەڵێت: ((پەلە مەکە! کوڕە! هێشتا گیانی تێدا ماوە. دوایی بە چی بزانین موسڵمانە؟ ئەگەر موسڵمانە، ئەو دەعبایەی بۆ پێیە؟ دەڵێی شەیتان پێی داوە و هەر خۆیشی فێری کردووە چۆنی بژەنێت)). (کاکەسوور، 2023، 39). لەم دەقەدا دەردەکەوێت ئەو کارەکتەرە زمانێکی ڕەوان و خۆماڵی بەکاردەهێنێت، واتە؛ زمانێکی ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕۆژانە، کە پڕە لە دەربڕینی میللی و ئاوێتەی شێوەزاری ناوچەییە. وشەگەلی وەک "دەعبا" کە مەبەست لێی ئامێری مۆسیقایە و دەستەواژەی "دەڵێی شەیتان پێی داوە" نیشانەی زمانی ناوچەیین. ئەم زمانە ساکارە کاریگەرییەکی گرنگیی لەسەر فرەدەنگی دەقەکە هەیە، چونکە دەنگی چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت دەخاتەڕوو، کە باوەڕی خۆیان بەشێوەیەکی سروشتی دەردەبڕن. بۆیە لە ڕێگەی زمانە خۆماڵییەکەیەوە ڕوانگەیەکی جیاواز لە دەقەکەدا دەئافرێنێت، کە پەیوەستە بە کولتوور و باوەڕە ئایینییەکانەوە، بە تایبەت سەبارەت بە مۆسیقا و پەیوەندیی بە ئایینەوە.

لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا زمانی ڕۆژانە بەرەو زمانی ئاماژە دەگۆڕێت. واتە؛ ئەو پێوەرە تێکدەشکێنرێت، کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێت. ئەوەتا کارەکتەر "ز. ڕ. لەولی" کاتێک لە زیندان ئازادەکرێت، هاوسەری بە دوای دێت، عارەبانەیەکی پێیە، کە "دیکتاتۆر"ی پێدەڵێن. "ز. ڕ. لەولی" سواری عارەبانەکەی دەبێت، پێکەوە بەرەو کەلاوەکان دەچن، کە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوسەری "ز. ڕ. لەولی"یە. لەڕێگادا بەزمانێکی تێکشکاو و ئاماژە گفتوگۆ دەکەن. ((_جیرەجیری ئەم دیکتاتۆرە ئازارت نادات؟ ئازاری گوێچکەت.

_ئەگەر نەتپرسیایە، نەمدەزانی هەر دەنگی هەیە. ئێستا کاتێ گوێی لێ دەگرم، پاسەوانێکم بە بیر دەهێنێتەوە، کە دەنگی لەم جیرەجیرە دەچوو. لە زیندان ناویان نام لەولی "lowly"، "ز. ڕ. لەولی".

_لەولی؟ ئەو ناوە خۆشە چییە؟ زۆرت لێ هاتووە.

_لە دەرەوەیش دەستی پێوە دەگرم.

_من لەم ساتەوە هەر بە لەولی بانگت دەکەم و بە هاوکەلاوەکانیش دەڵێم ئەوە ناوی ڕاستینەتە. لەوەتەی لە کەلاوەدا دەژیم، یەکەمجارە هەست بکەم نەبوونی دەرگە دەشێ کەموکووڕی بێت. دەکرا ناوەکەتی لەسەر بنووسم و هەموو ببینن، لەولی گیان. بەڵێ، ئەمەماڵی لەولییە. دەی، وەرە، ژن، تۆ لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا تەواوت کرد بەوە دەناسرایتەوە دەستوخەتت جوانە و دەیان تابلۆی شوێنە بەناوبانگەکانت بەو پەنجانەت دەنووسین، باوکە جواننووسەکەت دەیبردیتە دووکان و بەشێکی کارەکانی پێ دەسپاردیت، بەڵام ئێستا نەتوانیت ناوی مێردت لەسەر پلێتێکدا بنووسیت و بە شوێنێکەوە هەڵیبواسیت! ئەرێ پێم دەڵێیت مانای ئەو ناوە خۆشە چییە؟

_ئەگەر ڕاستەوخۆ وەریبگێڕیت، دەبێتە نزم، بەڵام خۆشبەختانە مانا ڕاستەوخۆکەی گوێی پێ نادرێت و تەنیا مانا ناڕاستەوخۆکەی لە بەرچاو دەگیرێت. واتە سووک، یان هیچوپووچ.

_ئینجا هەر مانای ناڕاستەوخۆی ناو گرنگە، لەولی گیان.

بە گۆرانی دەیڵێت:

_لەولی، لەولی، لەولی گیان، لەولی گیان، مێردی خۆمی بە قوربان. بە بینینت خۆشحاڵم، بەریان داویت لە زیندان)). (کاکەسوور، 2023، 76-77). بە وردبوونەوەمان لە تەواوی گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە، دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی بە ئازادیی و بە شێوازی تایبەت بە خۆیان دەدوێن، زمانی قسەکردنیان بووەتە زمانێکی شێواو و بۆ زمانی ئاماژە گۆڕاوە. لەم زمانە تێکشکاوەدا پەیوەندیی نێوان زیندان و دەرەوەی زیندان بەرجەستە دەبێت، بەڵام بەشێوەیەک، کە سنووری نێوانیان نامێنێت و وەک یەک دەردەکەون. زمانی "ز. ڕ. لەولی" وێنەی ناوەوەی زیندان پیشاندەدات، زمانی ژنەکەشی وێنەی سەختی دەرەوەی زیندان پیشاندەدات. بەم شێوەیە، لە ڕێگای زمانی ئاماژەی ئەو دوو کارەکتەرەوە زیندان و دەرەوەی زیندان بەیەکدەگەن، دەبن بە وێنەیەکی هاوشێوە و وەک یەک تەماشادەکرێن. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت ڕۆماننووس زمانی ڕۆژانەی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە ئەوەی زمانی ئاماژە بەکاربهێنێت. بۆیە لێرەدا ڕۆماننووس داهێنان دەکات بەوەی شتەکان یەک واتای زانراویان نەبێت، بەڵکو وادەکات بکرێنەوەو بە شێوەی دیکە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش وا دەکات ڕۆمانەکە لە تاکدەنگەوە بەرەو تەکنیکی فرەدەنگی بچێت..

"کاکەسوور" لەو ڕۆمانەدا دەستەواژە و زاراوەی زمانەکانی دیکەی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە دەکات، کە ئەمەش وادەکات ڕۆمانەکە بەرەو فرەزمانی بچێت، بەهۆی ئەو فرەییەشەوە فرەدەنگی لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە: زاراوەی "دیشی ئەشەک: dişi eşek" لەبری "ماکەر" بەکاردەهێنێت، گێڕەرەوە دەڵێت: "یەڵدا" ((یەکێ لە شاگردەکانی ناردووە جووتێکی نازداریان لە گوندی "دیشی ئەشەک" بۆ بکڕێت، کە دانیشتووانی بەوە ناسراون ماکەری جوان پێ دەگەیەنن. سەربازانی (پیرەحوشتری ئەمجە عوسمان)یش هەر لە زووەوە "دیشی ئەشەک: dişi eşek" یان لەوێ کڕیووە و تاقە شتێک بووە، نەیانویستووە بە تاڵان بیبەن، بەڵکوو پارەیان داوە، چونکێ گوتوویانە بەشێکی چێژەکەی لەوەدایە، کە پارە دەدەنە خاوەنی. دوای ئەوە ماکەر بە پێی باوەڕە باوەکە دەکوژرا، نەوەک منداڵێکی ببێت، نیوەی لە کەر و نیوەی لە مرۆڤ بچێت)). (کاکەسوور، 2023، 42). لەم کەوانبەندییەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی زاراوەی بێگانە ڕەهەندێکی گرنگی فرەزمانی بە دەقەکە دەبەخشێت. ئەمەش نیشانەی کاریگەریی و تێکەڵبوونی کولتوورە لە ناوچەکەدا، دیارە جیاوازیی کولتووریش هۆکارێکە بۆ بنیاتی فرەدەنگی لە ڕۆماندا.

لەلایەکی دیکەوە بنەماڵەی "سالی" و "ئامی" لەماڵەوەدا بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، بۆیە کاتێک "ئامی" خۆشەویستەکەی بە ناوی "ئومێد" دێنێتە ماڵەوە بۆ ئەوەی بە ماڵەوەیان بناسێنێت، "دایکی ئامی" لە "باوکی ئامی" توورە دەبێت، چونکە سەگێکیان هەیە، هەر میوانێک بێت سەرەتا پێیدەوەڕێت، لە دوایدا کە دەزانێت میوانە و بۆی هەیە بێتە ژوورەوە، قاچەکانی هەڵدەبرێت و لەپەکانی بە کەمەرییەوە دەنووسێنێت و ئەندامی دەردەهێنێت و لە گیانی میوانەکە دەخشێنێت. بۆیە کاتێک ئەوە لەگەڵ "ئومێد"یش دەکات، "دایکی ئامی" لەبەر خۆیەوە بە ئینگلیزی دەڵێت: (( What do you think _ you're doing?)). (کاکەسوور، 2023، 315). جگە لەم قسەیە چەند جاری دیکە بە ئینگلیزی قسەدەکەن. لێرەدا ئەمە

ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕۆماننووس کارەکتەر ئازاددەکات بە چ زمانێک، یان بە چ شێوازێک قسە بکات و ڕاوبۆچوون و ئایدیۆلۆژیای خۆی دەرببڕێت، ئەمەش نیشانەی گرنگیدانی ڕۆماننووسە بۆ ئەوەی ڕۆمانەکە بەرەو فرەزمانی و فرەدەنگی ببات.

## 3-2 فرەیی ئایدیۆلۆژیا "تعدد الأيديولوجية":

لە ڕۆمانی هاوچەرخدا، فرەیی ئایدیۆلۆژیا دەروازەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەق و دروستکردنی چەندین ئاستی خوێندنەوە. کاتێک کۆمەڵێک کارەکتەر بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە لەنێو یەک دەقدا کۆدەبنەوە، ئەوا ڕۆمان دەبێتە پانتاییەک بۆ بەریەککەوتنی چەندین دیدگای جیاواز، بەشێوەیەک هیچ ئایدیۆلۆژیایەک بە تەنیا زاڵ نابێت و ناتوانێت خۆی بە ڕاستی ڕەها دابنێت. لێرەدا ڕۆڵی ڕۆماننووس لە سازاندنی فرەیی ئایدیۆلۆژیا دەردەکەوێت. واتە؛ ڕۆماننووس وەک دەرهێنەرێکی شانۆیی، بیروباوەڕەکان بەسەر ئەکتەرەکان دەبەشێتەوە و دەرفەت بە دەنگە جیاوازەکان دەدات خۆیان دەرببڕن، بەبێ ئەوەی یەکێکیان بکاتە دەنگی زاڵ. بۆیە ڕۆماننووسی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە دەتوانێت کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیان بدوێنێت، بەشێوەیەک هەر کارەکتەرێک لە جیهانبینی تایبەت بە خۆیی و بە زمانی خۆی، بیروڕای خۆی دەرببڕێت. لێرەدا ڕۆماننووس دەبێتە دادوەرێکی بێلایەن و ڕێگە بە ململانێی بیرەکان دەدات، بەڵام بڕیار لەسەر ڕاستی و هەڵەی هیچیان نادات.

لە ڕووی لۆژیکییەوە، کارەکتەری بێ ئایدیۆلۆژیا ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر هەڵگری بیر و هۆشی خۆشی بێت. بۆیە لەبەر گرنگیی ئایدیۆلۆژیا "باختین" بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی دادەنێت، کە دەبێتە هۆی ڕۆشنکردنەوەی ڕۆمان و بناغەدانانی فرەدەنگی. لەمبارەیەوە پێناسەی دەکات و دەڵێت: (مەبەست لە ئایدیۆلۆژیا کۆی ڕەنگدانەوە و شکانەوەیە لەناو مێشکی مرۆڤدا، بۆ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە بە وشە، وێنە، هێڵ، یان شێوە و شێوازێکی نیشانەیی دیکە دەردەبڕدرێت و دادەمەزرێت، پاشان دەڵێین: ئایدۆلۆژیا واتە؛ لەناو نیشانە، یان وشە، یان هێما، یان هێڵی گرافیک، یان جەفەنگ). (باختین، 1987، 22). بۆیە دەکرێت بڵێین: ئایدیۆلۆژیا بنەچە و ڕەگوڕیشەی بیرکردنەوە و سیستەمی بەهاکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت. ئەو سیستەمە هزرییە لە کۆمەڵگا و کولتوورەوە سەرچاوە دەگرێت و لەناو تاکدا گەشە دەکات و پێدەگات. ئایدۆلۆژیا شێوازێکە مرۆڤ لە ڕێگایەوە کەتوار دەخوێنێتەوە و لێکیدەداتەوە، ئینجا بە پێی ئەم تێگەیشتنە هەڵوێست و ئاڕاستەی خۆی دیاری دەکات. ئەم تێگەیشتن و هەڵوێستانە لە ڕێگەی شێوازی جۆراوجۆرەوە دەردەبڕدرێن، جا لە ڕێگای زمان، هونەر، مۆسیقا، یان هەر شێوازێکی دیکەی دەربڕین و داهێنان بێت. بەم شێوەیە، ئایدیۆلۆژیا وێنەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری دەخاتە ناو مێشکی مرۆڤەوە و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەر ئاڕاستەدەکات.

هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییەکان و ڕوانگە هزرییە زۆر و دژبەیەکەکان زەمینەیەکی گونجاو دەڕەخسێنن، کە تیایدا ڕۆمانی فرەدەنگی سەرهەڵدەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوجۆرە ڕۆمانە بۆ دروستکردنی پێکهاتەکەی پشت بە تاکە ئایدیۆلۆژیایەکی زاڵ نابەستێت، بەڵکو لە ڕێگای ململانێی ئایدیۆلۆژییەوە، کە کارەکتەرە جیاوازەکان دروستی دەکەن، بە جۆرێک ئازادیی و سەربەخۆییان هەیە لە دەربڕینی بیروباوەڕیان و خستنەڕووی ئایدیۆلۆژیا و دەرخستنی دەنگەکانیان و بەرگریکردن لێیان، ئەمەش وا دەکات ((بۆ هەر گۆشەنیگایەک کارەکتەرێکی تەواو پێشکەشبکرێت)). (باختین، ١٩٨٦، 113). ئەو کارەکتەرە دەبێتە هۆی دروستبوون و خستنەڕووی ئایدیۆلۆژیاکەی.

بێلایەنی ڕۆماننووس هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ڕێگە بدات ئایدیۆلۆژیاکان ململانێ بکەن و خۆیان بخەنەڕوو و خۆیات بسەلمێنن، بەبێ ئەوەی دەستێوەردان بکات، تا یەکێکیان بەسەر ئەوەی دیکەدا باڵادەستبکات، یان دیدگای خۆی بسەپێنێت. ئەمەش بە ڕوونی لە لای "باختین" دەردەکەوێت، کاتێک باس لەوە دەکات لە ڕۆمانەکانی "دیستۆیڤسکی" کارەکتەر ئازادە و چێژ لە (سەربەخۆیی و کاریگەریی ئاکاری خۆی وەردەگرێت، وەک ئافرێنەری چەمکێکی ئایدیۆلۆژی تایبەت و تەواو گرنگ دەبینرێت، نەک وەک بابەتێک بۆ دیدی هونەری "دیستۆیڤسکی"). (باختین، ١٩٨٦، 9). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کارەکتەر مافی تەواوی هەیە بۆ سەلماندن و خستنەڕووی ئایدیۆلۆژیای کەسیی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە ((کارەکتەر وەک قسەکەرێک لە ڕۆماندا، هەمیشە و بە پلەی جیاواز بەرهەمهێنەری ئایدیۆلۆژیان و وشەکانیان نموونەی

گوتاری ئایدیۆلۆژین، لەمەشەوە زمانی ڕۆمان، بە بەردەوامی دەبێتە نوێنەری دیدگایەکی تایبەت و گوتارێکی ئایدیۆلۆژی ئاڕاستەکراو)). (محەمەد، 2014، 146). کەواتە؛ کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان وەک دەفرێک ئایدیۆلۆژیاکان لەخۆدەگرن.
"باختین" پێیوایە: ئایدیۆلۆژیا وەک دەربڕینی بیرۆکەیەکە و لە هۆشیاریی مرۆڤدا هەیە، (چونکە بیرۆکە ڕەگوڕیشەی لەناو ناخی قووڵی کارەکتەرەکاندا هەیە). (باختین، ١٩٨٦، 9). بیرۆکەی کارەکتەریش تەنیا بە بەرکەوتن لەگەڵ بیرۆکەی دیکە گرنگیی و بەهای خۆی بەدەستدەهێنێت. واتە؛ بیرۆکە لە چوارچێوەی پەیوەندییە دیالۆگییەکاندا لە نێوان هۆشیارییەک و هۆشیارییەکی دیکەی جیاوازدا سەرهەڵدەدات. بۆیە لەبارەی هۆشیاریی خودەوە دەڵێت: (هۆشیاریی خود لای کارەکتەر زاڵە بەسەر کۆی جیهانی شتەکان لە ڕۆماندا، ناتوانێت دیالۆگ لەگەڵ هۆشیارییەکی دیکە بکات، هەروەک ڕووبەری دیدگا و ئایدیۆلۆژیاکەی تەنیا لە تەنیشت ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەوە دەبێت). (لحمدانی، 1990، 32). لێرەوە گرنگی هۆشیاریی دەردەکەوێت، چونکە کارەکتەر بێ هۆشیاریی ناتوانێت ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەیەتی دەرببڕێت.
لەلایەکی دیکەوە "باختین" دەیەوێت پیشانی بدات، کە زمان و ئایدیۆلۆژیا لێکجیاناکرێنەوە و هەموو پەیوەندییەکی زمانەوانیی لە ناخیدا پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆژیشە. بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: (لێکدانەوە و دیالۆگی زمانەوانیی مەودایەکی زانیاریی بەرچاو پێکدەهێنێت، کە ڕێگە بە ئایدیۆلۆژیا دەدات بە شێوەیەکی تەواو دەربکەوێت). (العوف، 1993، 195). مەبەست لە لێکدانەوە و دیالۆگی زمانەوانی پەیوەندیی و دیالۆگی نێوان گێڕەرەوە و وەرگرە، کە دەبێتە مەیدانێکی گرنگ بۆ دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا. بۆیە کاتێک دوو کارەکتەر، یان زیاتر دیالۆگ دەکەن، ئەمە تەنیا واتاکان ناگۆڕنەوە، بەڵکو جۆرێک لە دیالۆگی ئایدیۆلۆژیش دەسازێنن. لەم چوارچێوەیەدا، ئایدیۆلۆژیا بواری ئەوەی دەبێت بە تەواوی خۆی پیشانبدات، چونکە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەرهەمهێنانەوە و گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیادا.
هەر لە ئاستی زمانەوانییدا "باختین" بۆ سەلماندنی بوونی ئایدیۆلۆژیا لە ژانر و بەرهەمی ڕۆماندا پشت بە توێژینەوەی زمانەوانی "مارکسیسیزم" دەبەستێت. بە بۆچوونی ئەو بەڵگەی زمانی ئەوەیە کە ململانێی ئایدیۆلۆژیا بەرجەستە دەکات، بەو پێیەی ڕۆمان کۆمەڵێک بەڵگەیە، تیایدا گێڕەرەوە پشت بە یەک زمان و شێوازێکی تایبەت نابەستێت، بەڵکو پشت بە چەندین زمان دەبەستێت، کە ئاماژە بە فرەیی گۆشەنیگاکان دەکەن، ئەمەش وا دەکات لە کۆتاییدا فرەیی ئایدیۆلۆژیا بەدی بێت. (لحمدانی، 1990، 32–33). لەسەر ئەو بنەمایە، ڕوانگەی ئیستاتیکا لای "باختین" دروستدەبێت، بەهۆیەوە لە ئایدیۆلۆژیا دەگەڕێت وەک ئامرازێک، کە ڕۆماننووس بەهۆیەوە جیهانی تایبەتی خۆی لەناو دەقدا دەردەبڕێت، نەک وەک ئامانجێک بۆ بەدەستخستنی ئایدیۆلۆژیاکە. کەواتە؛ (هاتنی ئایدیۆلۆژیا بۆ ناو ڕۆمان وەک پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی دادەنرێت، چونکە ئەوەیە کە لە دەستی ڕۆماننووسدا دەبێتە ئامرازێک بۆ بنیاتنانی جیهانی تایبەتی خۆی، ئەمەش ئەوەیە، کە مەبەستمانە لە ئاستی یەکەمی بوونی ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆماندا). (لحمدانی، 1990، 33).
کەواتە؛ ئایدیۆلۆژیا یەکێکە لە دامەزرێنەری پێکهاتەی ڕۆمان، لە لایەکەوە ئامادەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوانینێک بۆ واقیع و لە لایەکی دیکەشەوە ڕووپۆشێکە دەنگی ڕۆماننووس لە پشتییەوە خۆی دەشارێتەوە. بە واتایەکی دیکە (لەڕاستیدا هەر لە سەرەتای ڕۆماندا دەنگی ڕۆماننووس لەناو فرەدەنگە دژبەیەکەکان ئامادەیە، بەڵام پێدەچێت هەموو ئەم دەنگانە بەهایەکی یەکسانیان هەبێت، بە جۆرێک دیاریکردنی ئەو هەڵوێستەی ڕۆماننووس پەیڕەوی دەکات تەواو ئەستەم دەبێت، تا ئەو کاتەی بە بێلایەنییەکی تەواوەوە ململانێیی ئایدیۆلۆژی بەڕێوەدەبات). (لحمدانی، 1990، 36). لێرەوە تێدەگەین ئایدیۆلۆژیا لەو ململانێیەوە پەرەدەسەنێت، کە لە نێوان دەنگیی کارەکتەرەکاندا هەیە، کە بێلایەنی ڕۆماننووس ئەوە بەدیدەهێنێت.

سەرەنجام دەکرێت بڵێین: فرەیی ئایدیۆلۆژیا لەناو یەک دەقدا، بنەمای سەرەکی ئەفراندنی ڕۆمانی فرەدەنگییە. ئەم ئایدیۆلۆژیا جیاوازانە لە ڕێگەی ململانێ، کارلێکەریی و کاریگەرییە هاوبەشەکانیانەوە، ڕەوتێکی زیندوو دروستدەکەن، کە تیایدا ڕۆماننووس لە دەسەڵاتی ڕەها دەکشێتەوە و ئازادیی بە کارەکتەرەکان دەبەخشێت، تا هۆشیاریی تایبەت بە خۆیان پیادەبکەن و گۆشەنیگاکانیان بە یەکسانی بخەنەڕوو. ئاکامی ئەم پرۆسەیە ڕۆمانێکە، کە کۆتایی کراوەی هەیە، بە جۆرێک خوێنەر نازانێت کام ئایدیۆلۆژیا سەردەکەوێت. ئەمەش سروشتی دیالۆگی ڕۆمانی ڕاستەقینە دەردەخات بەوەی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک زاڵ نییە و دەنگە جیاوازەکان پێکەوە سووڕی ژیانێکی هاوتەریب و یەکسان بەسەر دەبەن.

### 1-3-2 فرەیی ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا:

بە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا، ئەوە دەردەکەوێت ئەو ڕۆمانە تژییە لە ئایدیۆلۆژیای جیاواز، ئەو فرەییە لە ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە بنیاتنانی ڕۆمانێکی فرەدەنگییدا. لە ڕێگەی کارەکتەرە جیاوازەکانەوە چەندین جیهانبینیی و سیستەمی بیرکردنەوە دەخرێنەڕوو، کە لەگەڵ یەکتردا لە ململانێ و دیالۆگی بەردەوام دان. لەگەڵ بوونی دەنگی ڕۆماننووس لە ناو ڕۆمانەکەدا، بەڵام دەرفەت بە کارەکتەرەکانی دەدات، تا دەنگی تایبەتی خۆیان هەبێت و بیروڕا و ئایدیۆلۆژیای خۆیان دەرببڕن. ئەم فرەدەنگییە، کە بەرهەمی پێکدادانی ئایدیۆلۆژیایە، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆمانەکە لە چوارچێوەی تاکدەنگی دەربچێت و ببێتە دەقێکی کراوە، تیایدا خوێنەر دەتوانێت چەندین ئایدیۆلۆژیای جیاواز ببینێت و بەشداری لە بنیاتنانی واتادا بکات.

لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا فرەیی ئایدیۆلۆژیا بایەخی پێدەدرێت. "کاکەسوور" هەوڵدەدات بە ئازادکردنی کارەکتەرەکان ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر بخاتەڕوو. ئایدیۆلۆژیای سیاسیی یەکێکە لەو ئایدیۆلۆژییانەی لەو ڕۆمانەدا بایەخی پێدەدرێت، کە خۆی لە هەبوونی "زیندان، حزب، شۆڕش، شکست، سەرکەوتن و کۆمەڵێک توخمی دیکە"دا دەردەخات. ئەوەتا هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، گێڕەرەوە باس لە زیندانێک دەکات، کە زیندانیانیی ئەو زیندانە هەر یەکەیان لەسەر کارێک، یان هەڵسوکەوتێکی ناباو و نەشیاو گیراون. ئەگەر بە پێی تیۆری "باختین" لە چەمکی زیندان وردبینەوە دەبینین زیندان شوێنێکی فیزیکی نییە، بەڵکو واتایەکی ئایدیۆلۆژی قووڵی هەیە. زیندان فەزایەکە شوێنی کۆبوونەوەی چەندین ئایدیۆلۆژیای جیاواز و کپکراوە. ئەوەتا "پ. و. شۆدی" یەکێکە لە کارەکتەرە زیندانیکراوەکان، کە لەسەر کردەوەیەکی نەشیاو و لادەرانە دەگیرێت. ئەویش کاتێک دارێک دەبینێت پێی دەوروژێت. (("پ. و. شۆدی" کاتێ سەرنجیان لێ دەدات، دەورووژێت. هەر بە ڕاستی پێی خۆشە دەستەکانی لە ناوقەدی درەختێک بئاڵێنێت و باریکترین لقی بمژێت، بگرە زنجیری پانتۆڵی بێنێتە خوارێ و شەبزووزی دەربهێنێت، تا دەگاتە ئەوەی لە بەرچاوی کاربەدەست، پاسەوان و زیندانییە ئازادکراوەکاندا پێیدا برشێتەوە)). (کاکەسوور، 2023، 15). لێرەوە دەردەکەوێت "پ. و. شۆدی" کارەکتەرێکی یاخی و دژە دەسەڵاتە، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و کردەوەکانییەوە دەردەکەوێت. ئەم کارەکتەرە حەزی بەرەو شکاندنی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەو حەز دەکات لە بەرچاوی کاربەدەست، پاسەوان و زیندانییە ئازادکراوەکان، کە هێمان بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت نوێنەرانی دەسەڵات، کردەوەی نائاسایی و پێچەوانەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا ئەنجام بدات. کەواتە؛ زیندان نیشانەیە و هێما و جەفەنگێکە بۆ بوونی ئایدیۆلۆژیای جیاواز هەروەک "باختین" دەڵێت: ((هەرچی ئایدیۆلۆژییە نیشانەیە، هیچ ئایدیۆلۆژیایەک بەبێ نیشانە بوونی نییە)). (باختین، 1986، 17). واتە؛ هەموو وشە و دەربڕینێک نیشانەیەکە و باری ئایدیۆلۆژی هەڵدەگرێت.

چەمکی ئایدیۆلۆژیا لای "باختین" پەیوەستە بە باری کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەوە، بەوەی زمانی هەر کارەکتەرێک دەرخەری پێگەی کۆمەڵایەتییەکەیەتی. بۆ نموونە: زمانی پزیشکێک تەنیا ئاماژە نییە بۆ نەخۆشی، دەرمان، چارەسەر، بەڵکوو ئەو تێگەیشتنەیش دەخاتەڕوو، کە بە ژیانی کۆمەڵاتییەوە پەیوەستە. ئینجا شوێنەکەیشی، کە نەخۆشخانە، کلینک، ژووری نەشتەرگەری ئەوانەی دیکە لە فرەدەنگیدا بایەخی هەیە. هەروەها کرێکارێک دەشێت جگە لە بۆچوونەکانی لەبارەی ژیانەوە، گەڕەکێکی هەژارنشینیشمان بخاتە بەرچاو، یان جووتیارێک لەبارەی کشتوکاڵەوە دەدوێت و تێگەیشتنەکەی لەم ڕووەوە دەخاتەڕوو، کە لە هیی کرێکارێک، یان لە هیی فێرکارێک جیاوازە، هاوکات شوێنەکەیشی ئەوە دەردەخات، کە گوندنشینە.

"کاکەسوور" لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا گرنگی بە ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی دەدات، بەوەی لەو ڕۆمانەدا چین و توێژی جیاواز هەن، کارەکتەری جیاوازی گەڕەکەکان دەبینرێن، دەیان پیشەی جۆراوجۆری وەک مامۆستا، قوتابی، هونەرمەند، سەماکەر و هیی دیکە دەکەونە بەرچاو، هەر یەکێک لە ڕوانگەی خۆیەوە ئایدیۆلۆژیای خۆی دەخاتەڕوو، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ڕۆماننووس لە ڕوانگەی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو کارەکتەرانەوە ئایدیۆلۆژیای کارەکتەرەکانی دەخاتەڕوو. لە هەر بەشێکی ئەو ڕۆمانەدا کارەکتەری جیاواز و ڕووداوی جیاواز دەبینرێن، کە هەر یەکێک لەو کارەکتەرانە لە ڕێگای دەربڕینی وشەکانیانەوە ئاماژە بە ئایدیۆلۆژیای خۆی دەدات، چونکە "باختین" پێیوایە: (وشە

باشترین دیاردەی ئایدیۆلۆژییە). (باختین، 1986، 23). لێرەدا دەردەکەوێت "باختین" بە قووڵی باوەڕی وایە، کە زمان لە هەناوی خۆیدا دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژییە. واتە هیچ وشەیەکی بێلایەن و خاڵی لە ئایدیۆلۆژیا بوونی نییە. کاتێک "باختین" دەڵێت: "وشە باشترین دیاردەی ئایدیۆلۆژییە"، مەبەستی ئەوەیە هەر وشەیەک، ئەگەر سادەترین وشەش بێت، هەڵگری واتا و باری کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتوورییە.

لە بەشی یەکەمی ئەو ڕۆمانەدا بە ناونیشانی "هاوتەختەکان" چەندین کارەکتەر دەردەکەون، کە خاوەن ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی خۆیانن. "دیدەن" و "دیلان" دوو خوشک و دوو کارەکتەری نێو ئەو ڕۆمانەن و  پوری "پ. و. شۆدی"ین. ئەگەر چی ئەو دوو کارەکتەرە خوشکی یەکترن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی هەردووکیان جیاوازە لەگەڵ یەکتر. دەکرێت بڵێین: "دیدەن" و "دیلان" وەک دوو جەمسەری جیاوازی ئایدیۆلۆژی دەبینرێن، کە لە ڕێگای دەربڕینەکانییانەوە دەردەکەون. "دیدەن" نوێنەرایەتی ڕوانگەیەکی دەروونییانە دەکات، کە هەوڵی تێگەیشتنی قووڵی دیاردەکان دەدات، چونکە ((بەشی سایکۆلۆجیای لە زانکۆی پێتەختدا خوێندبوو، هەموو جووڵەیەکی مرۆڤ و ئاژەڵی بۆ لایەنی دەروونی دەگەڕاندەوە)). (کاکەسوور، 2023، 28). لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی دەستەواژە دەروونییەکانیش لەلایەن "دیدەن"ەوە دەرخەری ئەو جۆرە ڕوانگەیەیە، وەک "پ. و. شۆدی" دەڵێت: ((بۆ یەکەمجار وشەی "پێدۆفیلیا"ی لە دەمی ئەو پوورەیەوە بیست، کە مانای بەکارهێنانی منداڵ و هەرزەکارە بە مەبەستی تێرکردنی ئارەزووی سێکسی لەلایەن کەسانی گەورەوە. دوایی لەسەر دەفتەرەکەیدا "CSO"یشی خوێندەوە و زانیی کورتکراوەی "Sexual Offending Child"ـە، بگرە هەر لەوێدا کۆمەڵێ زاراوە و دەستەواژەی دیکەی بینین. یەکێکیان "Child Sexual Abuse" بوو)). (کاکەسوور، 2023، 28). لە بەرامبەردا، "دیلان" ڕوانگەیەکی کردەیی واقیعبینانە پیشاندەدات، وەک گێڕەرەوە لەبارەیەوە دەڵێت: ((دیلان زۆر گوێی بەو ڕیسواییەی باوکی نەدەدا، یان لانی کەم وەک ڕووداوێکی گەورە لێی نەدەڕوانی)). (کاکەسوور، 2023، 28). ئەم جیاوازییە ئایدیۆلۆژییە لە ڕێگای گێڕانەوەکانیان، هەڵبژاردنی وشەکان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکانی بابەگەورەیاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لە دواجاردا پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی جیاوازیی ئەم دوو کارەکتەرە سەبارەت بە ژیان پیشان دەدات.

لە بەشی دووەمدا لەژێر ناونیشانی "هاوکەلاوەکان"دا چەندین کارەکتەری دیکە بە ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە دێنە پێشەوە، کە دیارترین کارەکتەرەکان "فەرهادداد" و "زیبا" و "دادە دەلیلە"ن. هەر یەک لەو کارەکتەرانە لە ڕێگای دیالۆگ و دەربڕینی وشەکانییانەوە و ئایدیۆلۆژیا و پێگەی کۆمەڵایەتییان دەردەون. سەرەڕای ئەوەی "فەرهادداد" بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دیالۆگی نێوان "زیبا" و "دەلیلە" ئامادە نییە، بەڵام ئایدیۆلۆژیاکەی لەڕێگەی باسکردنی کارەکتەرانی دیکەوە دەردەکەوێت. "فەرهادداد" نوێنەرایەتیی ئایدیۆلۆژیای ڕووناکبیریی و شۆڕشگێڕی دەکات. ئەو قوتابی کۆلێژی سەربازییە لە پایتەخت و بووەتە "کۆمەنیست". "زیبا" بە "دەلیلە" دەڵێت: (("فەرهادداد" لە سیاسەت گلاوە و لەگەڵ کۆمەڵێک فێرخوازی دیکەی کۆلیجی سەربازی بووەتە کۆمەنیست، کە ئەگەر پێی بزانن، مس لە قوڕگیدا دەتوێننەوە)). (کاکەسوور، 2023، 107). وەک لە پێشتر ئاماژەمانپێداوە کە "باختین" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان پڕە لە "دەنگی کارەکتەری دیکە "heteroglossia". واتە؛ گێڕەرەوە هەمیشە قسەکانی ئاوێتەی قسەی کارەکتەری دیکە دەکات. لێرەدا وێنای "فەرهادداد" لە ڕێگەی زمانی "دادە زیبا"وە دێتە ئاراوە، کە دەگێڕێتەوە: ((کۆمەنیستەکان دەیانەوێت جیاوازیی چینایەتی نەهێڵن، هەژار و دەوڵەمەند وەک یەک بن، ژن و پیاو یەکسان بکرێن، نەتەوەیەک نەتەوەیەکی دی نەچەوسێنێتەوە، وڵاتە گەورەکان ڕەنجی وڵاتە بچووکەکان نەبەن، ڕەگەزێک نەخرێتە سەرووی ڕەگەزێکی دیکەوە، شار لە لادێ بە گرنگتر نەزانرێت، خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کەسێک دابین ببێت و زۆری تری لەم شێوەیە)). (کاکەسوور، 2023، 107). ئەم دەربڕینە پیشاندەری ئایدیۆلۆژیای "مارکسیسییزم"ـە بە شێوەیەکی سادەکراو. ئەمەش لە گێڕانەوەکەی "دادە زیبا" بۆ بیرۆکە "مارکسیسییزم"ـەکان دەردەکەوێت، کە هەرچەندە بەشێوەیەکی سادەیە، بەڵام کرۆکی بیرۆکەکان دەپارێزێت.

"دادە دەلیلە" سەرەڕای ئەوەی لە زۆر کات و شوێندا وەک کارەکتەرێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو قسە دەکات، بەڵام کاتێک بۆ یەکەمجار لە دەمی "دادە زیبا" گوێبیستی وشەی "کۆمەنیست" دەبێت و بۆی ڕووندەکاتەوە. بۆیە "دادە دەلیلە" دوای بیستی ئەم وشەیە و ڕوونکردنەوە لەلایەن "زیبا"وە دەڵێت: ((ئەگەر وایە، دەبێت ئافەرین بکرێن، نەوەکا بگیرێن و

ئەشکەنجە بدرێن. ئەوانە ئەم دنیایە دەکەنە ئەوەی، ئێمە دەمانەوێت و خەونی پێوە دەبینین، دادە زیبا. دەیکەنە بەهەشت، بەهەشت!)). (کاکەسوور، 2023، 107). لێرەوە ئایدیۆلۆژیای "دەلیلە" دەردەکەوێت، بە ڕوونی نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیای ساکار و سادەی چینی هەژار و لادێی کۆمەڵگا دەکات، چونکە ئەو کچێکی نەخوێندەوارە و لە قەراغی شاردا چاوی هەڵهێناوە و سەر بە خێزانێکی گامێشەوانە. زمان و دەربڕینەکانی نیشانەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی و دیدگای سادەی ئەوە بۆ دونیا.

هەر لەو دیالۆگەوە ئایدیۆلۆژیای "زیبا"ش دەردەکەوێت، کە نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕۆشنبیر دەکات، کە ئەزموونی ژیان و تێگەیشتنی فراوانی هەیە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. وەک ژنێکی پێگەیشتوو زمانەکەی پیشاندەری قووڵبوونەوە و تێڕوانینی ڕەخنەگرانەیە بۆ ئایدیا و بیرۆکەکان، کاتێک دەڵێت: ((خۆزگە ئەم دنیایە وەک خەیاڵی تۆ سادە بووایە، دەلۆیلۆ، بەڵام وا نییە. ئای چەند ئاسانە دۆزەخ بهێنیت، کە ڕاستییەکەیشی پێویست ناکات بیهێنیت، مادام هەر خۆی ئامادەیە، دەلۆیلۆ. ئەوەی سەختە و ناکرێت بیری لێ بکەیتەوە، بەهەشتە. بەهەشت مژدەیە و هیچی دیکە)). (کاکەسوور، 2023، 108). ئەم دەربڕینە پیشاندەری ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە، کە ژیان وەک سەختی و ناخۆشیی دەبینێت. هەروەها دەرخەری ئەوەیە، کە بە چاکی لە بنەما فەلسەفییەکانی ژیان تێگەیشتووە، چونکە دەزانێت ئەو بەهەشتەی کۆمەنیستەکان هەوڵی بۆ دەدەن و ئاواتی بۆ دەخوازن تەنیا سەرابێکە هیچ کات نایەتە دی. ئەمەش بەهۆی ئەوەی "زیبا" لە "خان" یارمەتی هاوسەرەکەی دەدات و ئاشنا دەبێت بە زۆر کەسی جیاواز. جگە لەمەش کەسێکی خوێندەوار و خوێنەری پەرتووکە، جگە لەمەش زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیی و فەڕەنسیی و هی دیکە بە باشی دەزانێت.

لە بەشی سێیەمی "تەرمەوان"دا، لەژێر ناونیشانی "هاوکەلاوەکان"، ئاشنا دەبین بە چەندین کارەکتەری دیکەی خاوەن ئایدیۆلۆژیای و بیرکردنەوەی جیاواز. لە دیارترین ئەو کارەکتەرانە "ئامیلیا"، ناسراوە بە "ئامی" و "سالار"، ناسراو بە "سالی". ئەو دوو کارەکتەرە خوشک و برای یەکن، بەڵام خوشک و برای شیری نین، واتە؛ "سالی" لە لایەن دایک و باوکی "ئامی"ییەوە هەڵدەگیرێتەوە، بەهۆی کوژرانی دایکی لە نەخۆشخانە و هەڵهاتنی باوکی بۆ ئەوڕووپا. بەهۆی هەڵسوکەوت و قسەکردنی ئەو دوو کارەکتەرە دەتوانرێت ئایدیۆلۆژیایان بخرێتەڕوو. "ئامی" کەسێکی بێباکە و زۆر گوێ بەو گیروگرفتانە نادات، کە ڕووبەڕووی بنەماڵەکەیان بۆتەوە، بۆیە دایکی هەمیشە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێت، کە خۆشباوەڕە و خەم لە شت ناخوات. ئەوەتا کاتێک شۆڕشگێڕانی "شۆڕشی کۆتایی" هەڵدەکوتنە سەر ماڵیان و دایک و باوکیان بەوپەڕی توندوتیژی و ناشیرینییەوە دەبەن و دەستگیردەکەن، کاتێک "ئامیلیا" خەبەری دەبێتەوە، بێ باکانە قسەی "سالی" وەردەگرێت، کە بە "ئامی" دەڵێت: ((_پیاوەکان هاتن.

_هاتن؟

"سالی" تەنیا سەری بۆ دەلەقێنێتەوە. "ئامیلیا" خێرا هەڵدەستێتەوە و پەردە لا دەدات، تا بڕوانێتە حەوشە و باخ:

_ کەرویشکەکانم ماون؟

_ کەمێک لەمەوبەر سێ چوارێکیانم لە باخەکەدا بینین، ئامی. دیارە بێچوویان هەڵهێناوە.

"ئامیلیا" ئارام دەبێتەوە. قژی ژاکاوی کۆ دەکاتەوە و بە تۆقە دەیبەستێت. ئاخێک هەڵدەکێشێت:

_ ئەگەر دەزانی چ خەونێکی تۆقێنەرم پێوە بینیون! زۆر دڵخۆشم، کە هیچیان بەسەر نەهاتووە)). (کاکەسوور، 2023، 167-168). لێرەدا دەردەکەوێت، "ئامی" نموونەی کارەکتەرێکی بێباکە، کە بەرجەستەی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەکات. خۆی لە گیروگرفتە گەورەکان دەدزێتەوە و تەنیا سەرنجی لەسەر شتە لاوەکییەکان چڕ دەکاتەوە. ئەمەش پەنابردنە بۆ جیهانێکی تایبەت و بچووک و بیرکردنەوەی تاکەکەسییانە، هۆکارێکی بەرگرییە لە بەرامبەر واقیعێکی تاڵ و نەخوازراودا. بۆیە دەکرێت بڵێین: "ئامی" دەنگێکی جیاوازە لە چوارچێوەی فرەدەنگی ڕۆمانەکەدا، کە نیشانەی کۆمەڵێک جیهانبینی جیاوازە، کە لەناو یەک دەقدا پێکەوە هەڵدەکەن.

لە بەرامبەردا "سالی" نموونەی کارەکتەرێکی ڕژدە و هەمیشە ئارەزووی هاوکاریکردنی خێزانەکەیەتی، لەکاتێکدا "کوڕی شیری"، یان "بایەلۆژی" ئەوانیش نییە، بەڵام بۆ ئەوەی خۆشی بۆ خانەوادەکەی بگەڕێنێتەوە، دەبێتە ئەندامی "یەکێتیی فێرخوازان" تا دەگات بەوەی ئەو خانووەی لێیان سەندرابوو بۆ خێزانەکەی بگەڕێنێتەوە و بیکاتە مژدەیەکی خۆش. پێیان

دەڵێت: دەوڵەت خانووەکەیان دەداتەوە، تەنانەت ((دەوڵەت بە خەرجیی خۆی نۆژەنی دەکاتەوە و نوێترین کەلوپەلی ناوماڵیان پێ دەبەخشێت، تەنانەت ئەو کاغەزەیان پێشان دەدات، کە لیستی کەلوپەلەکانی لەسەر نووسراوە لەگەڵ ناوی ئەو شوێنە بەناوبانگانەی لێیانی وەردەگرن. لە وەزارەتی ناوخۆدا دەرچووە و مۆری وەزیری پێوەیە. ئەمە خۆشترین هەواڵە، ئەوان دوای ئەو هەموو ناخۆشییە، پێیان گەیشتبێت، بۆیە نازانن چۆن هەستیان دەرببڕن)). (کاکەسوور، 2023، 153). لێرەوە دەردەکەوێت ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان لە ڕێگەی قسە و دەربڕینی کارەکتەرەکانەوە دەردەکەون، بۆیە لە لای ("باختین" ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی دەربڕین و قسەی کارەکتەرەکانەوە پێناسە دەکرێت، کە لە ئەنجامی بەریەکەوتنی بیرۆکەیەک لەگەڵ بیرۆکەیەکی دیکەیە، ئەمەش ئەوەیە کە ڕێگە بە فرەیی بیرۆکەکان دەدات، لە ئەنجامدا پێشکەوتنی بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و هۆشیاریی تاک بە تایبەتی بەرهەم دێت). (ملیكي، 2012 - 2013، 5). بۆیە دەکرێت بڵێین: لە ڕۆمانی "تەرمەوان"دا، ڕۆماننووس چەندین کارەکتەری دیکەی جیاواز و فرەڕەهەند پێشکەشدەکات، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتیی ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینیی تایبەت بە خۆیان دەکەن. ئەم کارەکتەرانە لە ڕێگای دیالۆگ، هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانییانەوە گوتاری تایبەت بە خۆیان دەوروژێنن و ئاڕاستەدەکەن، کە بە پێی تیۆری "باختین"ی، هەر کارەکتەرێک خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆ و کەسییە. لەم چوارچێوەیەدا خوێنەر ئاشنا دەبێت بە ئایدیۆلۆژیای هەر کارەکتەرێک و چۆنیەتیی بەکارهێنانی گوتار وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هزر. ئەمەش دەرفەتێکی گرنگ بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێت تا لە سەرجەم جیهانبینییە بەریەککەوتووەکانی ناو دەقەکە تێبگات و دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری جیهانە دروستکراوەکەی ناو ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە. ئەمەش وادەکات ڕۆمانەکە ببێتە سەکۆی شانۆی ململانێی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان، کە لە ڕێگای فرەدەنگی و دیالۆگە ئاڵۆزەکانەوە خۆیان دەردەخەن.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، کە لە چەند خاڵێک دەیخەینەڕوو:

1- فرەیی کارەکتەر، ڕۆمانی "تەرمەوان"ی بەرەو ڕۆمانێکی فرەدەنگیی بردووە، چونکە فرەیی کارەکتەر لەو ڕۆمانەدا جیاوازە لە فرەیی کارەکتەری ڕۆمانێکی تاکدەنگی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕۆماننووس ئازادی تەواو دەدات بە کارەکتەرەکان بیروڕا و ئایدیۆلۆژیای جیاوازی خۆیان دەرببڕن.

2- بەکارهێنانی کارەکتەری ناتەواو لەو ڕۆمانەدا سەلمێنەری ئەوەیە، کە ڕۆماننووس پەیڕەوی تیۆرەکەی "باختین" دەکات. ئەمەش بەهایەکی ئیستاتیکی بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، واتە؛ بەردەوامی و زیندوویەتی بە ڕۆمانەکە دەدات.

3- ڕۆماننووس توانیوویەتی زمان وەک ئامرازێکی هەڵگری ئایدیۆلۆژیا بەکاربهێنێت. هەر کارەکتەرێک بە پێی پێگە کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیریی و بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی خۆی قسە دەکات، بەمەش ڕۆمانەکە دەبێتە پانتاییەک بۆ فرەدەنگیی و تیایدا چەندین جیهانبینیی جیاواز دەردەکەون.

4- هەر لە باسی فرەیی زماندا، ڕۆماننووس لە ئاستی زمانی ڕۆژانەوە بەرەو زمانی ئاماژە هەنگاو دەنێت. لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا زمانی تێکشکاو و ئاماژەیی بەکاردێت، کە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت.

5- ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانی وەک: سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی" توانیوویەتی وێنەیەکی گشتگیر لە دۆخی کۆمەڵگا پێشکەشبکات، کە هەر توێژ و پێکهاتەیەک خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی.

6- فرەیی ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆمانەکەدا شێوەیەکی کراوە بە دەقەکە دەبەخشێت، بە جۆرێک خوێنەر دەتوانێت بەشداری لە بنیاتنانی واتادا بکات و لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە دەقەکە بخوێنێتەوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ بەزمانی کوردی

### أ- پەرتووک:


- ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٤) پێکهاتە و راڤەی دەق، و. مەسعوود بابایی، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رەنج.
- باختین، میخائیل (2008) .سەودای وتووێژ، پێکەنین و ئازادی، و. د. بەختیار سەجادی، چاپی یەکەم، دهۆک: چاپخانەی خانی.
- خرواتانی، د. مستەفا سالح مستەفا (٢٠١٣) تەکنیکی گۆشەنیگا لە رۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
- رەسووڵ، د. شوکریە (2005) تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- رەشید، د. فوئاد (2007) دەقی ئەدەبی "ئەدگار . چێژ . بەها، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس.
- سالح، رەشید سەلیم (2005) شێواز لە کورتەچیرۆکی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
- عومەر، سەلاح (٢٠١٠) رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای موکریان.
- عەبدولقادر، ئەمین (2008) شیعرییەت د رۆمانێن (سدقی هرۆری)دا، چاپا ئێکێ، دهۆک: دەزگایێ سپیرێز یێ چاپ و وەشانێ.
- کاکەسوور، کاروان عوومەر (2023) تەرمەوان، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کەسنەزانی، بوشرا (2012) پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی 1995 – 2005، چاپی یەکەم، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی – چاپخانەی لەریا.
- مەنتک، د. حەمە (٢٠١٣) تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠ز)، چاپی یەکەم، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- وێبستێر، راجێر (2006) توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، و.عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.


### ب- نامە ئەکادیمییەکان


- عەزیز، بێستوون عارف (2014) بابەت و تەکنیکی خواستراو لە رۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا "2000 – 2012". نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- قادر، کارزان موحسین (٢٠٠٩) سیما تازەکانی رۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
- محەمەد، میران جەلال (2014) گوتار لە رۆمانی کوردیدا "1975 – 2000" باشووری کوردستان، تێزی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.


### دووەم/ بە زمانی عەرەبی

### أ- پەرتووک:


- الرويلي، ميجان، البازعي، سعد (2002) دليل الناقد الادبي، طبعة الثالثة، المغرب: المركز الثقافي العربي.
- العوف، د.زياد (1993) الأثر الأيديولوجي في النص الروائي "ثلاثية نجيب محفوظ"، الطبعة الأولى، دمشق: مؤسسة النوري للطباعة والنشر والتوزيع.
- اوسبنسكي، بوريس (١٩٩٨) شعرية التاليف، ت. سعيد الغانمي و ناصر حلاوي، القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة.
- باختين، م.ب (1986) قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، ت. د.جميل نصيف التكريتي، الطبعة الاولى، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.
- باختين، ميخائيل (1986) الماركسية و فلسفة اللغة، ت. محمد البكري و يمنى العيد، الطبعة الاولى، المغرب: دار توبقال للنشر.
- باختين، ميخائيل (١٩٨٦) شعرية دوستويفسكي، ت. جميل نصيف التكريتي, بغداد: دار توبقال للنشر.
- باختين، ميخائيل (1987) الخطاب الروائي، ت. محمد برادة، الطبعة الاولى، القاهرة: دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع.
- تودوروف، تزفيتان (١٩٩٦) ميخائيل باختين: المبدأ الحواري، ت. فخري صالح، الطبعة العربية الثانية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- ثامر، فاضل (١٩٩٢) الصوت الأخر الجوهر الحواري للخطاب الأدبى، الطبعة الاولى، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.
- حمداوي، د. جميل (٢٠١١) مستجدات النقد الروائي، طبعة الأولى، اهداء من شبكة الألوكة.
- زيتوني، لطيف (2002)، معجم مصطلحات نقد الرواية، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان: مكتبة لبنان ناشرون – دار النهار للنشر.
- عبدالسلام، فاتح (١٩٩٩)، الحوار القصصي: تقنياته وعلاقته السردية، طبعة العربية الأولى، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- قاضى، محمد وأخرون (2010) معجم السرديات، الطبعة الاولى، تونس: دار محمد علي للنشر.
- لحمداني، د. حميد (1990) النقد الروائي والايديولوجيا، الطبعة الأولى، بيروت: المركز الثقافى العربي.
- لحمداني، د. حميد (١٩٩١) بنية النص السردي، الطبعة الأولى، بيروت: المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع.
- مرتاض، د. عبدالملك (1998) في نظرية الرواية، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب.


### ب- نامە ئەکادمییەکان


- مليكي، إيمان (2012 – 2013) الحوارية في الرواية الجزائرية، رسالة ماجستر، كلية الأداب واللغات، جامعة العقيد الجاج اخضر – باتنة.

**ج- گۆڤارەكان**

- الباججي، بشار نديم احمد (٢٠٢٠) البوليفونية أو تعدد الأصوات في الموشحات الأندلسية، مجلة أبحاث كلية التربية الأساسية، ١٦(٣)، ٣٠٦-٣٣٢.
- باختين، ميخائيل (1985) الخطاب الشعري والخطاب الروائى، ت. محمد برادة، مجلة الكلام، عدد 17، صفحة 142-159.
- حماش، نجيب (2011) انبثاق الحقل المفهومي للتناصي' في خطاب جوليا كريستيفا النقدي، مجلة اللغة والأدب، عدد 14، صفحة 169-177.
- حمدان، عبدالرحيم (2008) اللغة في الرواية (تجليات الروح) للكاتب (محمد نصار).، مجلة الجامعة الاسلامية للبحوث الأنسانية، مجلة 16، عدد2، صفحة 103-157.
- شرقي، منيرة (2014) المبدأ الحواري عند ميخائيل باختين، مجلة جيل الدراسات الأدبية والفكرية، عدد3، صفحة80-95.
- ويديجى، رشيد (2017) التعدد اللغوي و حوارية الخطاب في الرواية عند باختين (التجليات والدلالة)، مجلة لغة - كلام، مجلة 3، عدد6، صفحة 273 - 288.

**سێیەم/ بە زمانی فارسی**

**پەرتووک:**

- مكاریک، ایرنا ریما (1385) دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ت. مهران مهاجر و محمد نبوی، چاپ دوم، تهران: مؤسسەی انتشارات اگاه.
- میر صادقی، جمال و میرصادقی، میمنت (1388) واژەنامه هنر داستان نویسی، چاپ دوم، ناشر كتاب مهناز.

ماڵپەڕەکان

- حمداوی، جمیل (2015) أنواع المقاربات البوليفونية في تحليل الملفوظات والنصوص والخطابات-الألوكة.
- کاکەسوور، کاروان عوومەر (2013) ڕۆمانی تەرمەوان لە دیدێکی دیکەیشەوە - ژنەفتن.

**Polyphony in the Novel "Tarmawan" from Mikhail Bakhtin's Perspective**

**Harem Ibrahim Ahmed**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
harem.ahmed@su.edu.krd

**Karzan Muhsen Qader**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract**

Polyphony holds a significant role in literary criticism and novel theories. This technique is associated with "Mikhail Bakhtin", the Russian literary critic and the theorist who conceptualizes and applies it in the analysis of Fyodor Dostoevsky's works. Later, polyphony is embraced by postmodernist critics and novelists and as a technique of narration, it dismantles the principle of singular authoritative voice in classical novels where all events, ideologies and character perspectives are filtered by the author or the main narrator. Conversely, polyphonic techniques offer independence to a variety of voices, each showing different ideologies, worldviews, and styles of speech without being subordinated to a main narration power. The study, titled (Polyphony in the Novel "Tarmawan" from "Mikhail Bakhtin"'s Perspective), aims to uncover the employment of polyphonic techniques in the novel by novelist "Karwan Kakasur". Based on Bakhtin's principles of "plurality of characters, language, and ideology, dialogism". The research study finds out that the author integrates this technique to represent these views and tenets in the novel, where characters are not only instruments of narration but also have dynamic roles in meaning building who independently express their beliefs, and embrace part of event narrations.

**Keywords:** Polyphony, Novel, Tarmawan, Bakhtin, Kakasur

**تعدد الأصوات في الرواية "تەرمەوان" من منظور "ميخائيل باختين"**

**هريم ابراهيم احمد**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين–أربيل، حكومة إقليم كردستان،العراق
harem.ahmed@su.edu.krd

**كارزان محسين قادر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين–أربيل، حكومة إقليم كردستان،العراق
karzan.qader@su.edu.krd

**الملخص**

تحتل التعدد الأصوات "البوليفونية" موقعا مهما في مجال النقد الأدبي ونظرية الرواية. تم تطوير هذه التقنية أولا من قبل الناقد والمنظر الروسي "ميخائيل باختين"، الذي طبقها في تحليل أعمال "دوستويفسكي". لاحقا، تبنى النقاد والروائيون ما بعد الحداثيين هذه التقنية بحماس. التعددية الصوتية كتقنية سردية تكسر إلى حد ما أسس الصوت الأحادي في الرواية الكلاسيكية، حيث يهيمن صوت واحد "صوت الروائي أو الراوي الرئيسي" ويفرض أيديولوجيته وأفكارهِ وآراءه على جميع الأصوات الأخرى. في المقابل، تسمح الرواية متعددة الأصوات لعدة أصوات مستقلة بأن يكون لكل منها وجهات نظرها وأيديولوجياتها ولغتها الخاصة، دون أن يتم إسكات أي صوت من قبل صوت آخر. هذا البحث، بعنوان "التعددية الصوتية في رواية "تەرمەوان" من منظور "ميخائيل باختين"، يهدف إلى عرض تقنية التعددية الصوتية في هذه الرواية للراوي "كاروان كاكەسوور" وفقا لمبادئ ونظرية التعددية الصوتية لـ"باختين" من حيث "تعددية الشخصيات، تعددية اللغة، تعددية الإيديولوجيا". يخلص البحث إلى أن الروائي حاول تطبيق مبادئ التعددية الصوتية في روايته، حيث تعبر الشخصيات بحرية عن آرائها وأيديولوجياتها، وتتحمل جزءا من مسؤولية سرد الأحداث.

**الكلمات المفتاحية:** التعدد الأصوات، الرواية، تەرمەوان، باختين، كاكەسوور